


### مسرور بارزانی
### لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵان دا:

# پارتی ماڵی هەموو خەڵکی کوردستانە و پێش ئەوەی پارتێکی سیاسیی بێت، بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە





*** بەڕێز مسرور بارزانی لەم یادە پیرۆزەدا هەستی خۆی چۆن دەردەبڕێت و پەیامی بۆ خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان چییە؟**

- پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی پارتی لە هەموو ئەندام ولایەنگرانی پارتی وسەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەم و هیوادارم هەمیشە سەرکەوتوو و سەربەرز بن.

*** کاتێك باسی پارتی دەکەین ناتوانین باسی ڕێبەری نەتەوەییمان بارزانی نەمر دامەزرێنەری پارتی نەکەین، کاتێك باسی بارزانی نەمریش دەکەین، ناتوانین باسی ڕێبازی بارزانی نەکەین، ئایا بارزانی نەمر و پارتی و ڕێبازی بارزانی، پێکەوە مانای چییە؟ چۆن بتوانین بەردەوام ئەم سێ لایەنە بکەینە ئیلهامی خەباتی ئاییندەمان؟**

- پارتی لە پێناو بەرگری کردن لە مانەوەی خەڵکی کوردستان و بەدیهێنای مافە ڕەواکانی دامەزرا. ڕێبازی بارزانیش پێکهاتووە لە خەباتی بێگەردی خەڵکی کوردستان لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان لەسەر بنەمای ئاشتی و یەکسانی و دیموکراسی. سەرۆکی نەتەوەییمان جەنابی بارزانی نەمر سیمبولی مێژوویی پاکی و دادپەروەری و خۆڕاگری وخەبات وتێکۆشانە، نەك تەنیا بۆ پارتی بەڵکو بۆ هەموو هەوادار ولایەنگرانی ڕێبازەکەی لەهەموو پارچەکانی کوردستان. بۆیە پێم وایە بەرزڕاگرتنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی و بەردەوامیدان بە خەباتێکی پاك و سەربەرزانە وئاشتیانە و سەردەمیانە، دەتوانێت ئایندەیەکی ڕووناکمان بۆ دابین بکات و دەرخەری وەفاداری ئێمەش بێت بەرامبەر بە سەرۆك وڕێباز وپارتەکەمان.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان سبەینێ ٦٥ هەمین مۆمی تەمەنی خۆی دادەگیرسێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان بەتەمەنترین حزبی سیاسییە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، کە تائێستاش وەك حزبی یەکەم لەسەر ئاستی کوردستان و هێزێکی کاریگەر لەعێراقدا بوونی هەیە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئایا نهێنی ئەم متمانەیەی جەماوەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان چییە؟**

- پارتی ماڵی هەموو خەڵکی کوردستانە و، پێش ئەوەی پارتێکی سیاسی بێت، بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە، بۆیە لەهەر بارودۆخ و قۆناغێکی مێژووییدا هەموو چین و توێژەکان جێگەیان لەناو پارتیدا دەبێتەوە. هەر ئەم تایبەتمەندییەش وای کردووە کە پارتی بەردەوام لە خزمەتی خەڵکی کوردستاندا بێت. لە لایەکی

**مسرور بارزانی لەگەڵ ئەوەی دەرچووی زانکۆی ئەمریکایە لەواشنتۆن و یەکێکە لە پسپۆڕەکانی بواری دیراساتی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان، لەهەمانکاتدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی کوردستانە، بەڵام بێجگە لە نازناوی پێشمەرگە، هیچ نازناوێکی دیکەی پێ خۆش نییە و بەردەوام حەزدەکات وەك پێشمەرگەیەکی ڕێبازی بارزانی خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت .**

**مسرور بارزانی لە ڕۆچوونیدا بەنێو ڕێبازی بارزانی نەمرو بەرنامەو پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئامانجی ئەوەیە لەسەر بنەمایەکی زانستی و هاوشان لەگەڵ سیاسەتی جیهانی سەردەم، بیری نەتەوەیی کوردستانی بکاتە هەوێنی بڕیارە چارەنووسسازەکانی ئایینده، هەر لەم پێناوەشدا هەموو کات ئەو وتە بەرزە وێردی سەر زاریەتی کە دەڵێت:(یەکێتی نێوانمان سەرکەوتمان مسۆگەر دەکات)، کەواتە لای مسرور بارزانی یەکریزی نێو ماڵی کورد و کوردستانییەکان خاڵی یەکەم و دەسپێکی هەر هەنگاوێکی ئاییندەیە، ئەم یەکبوونەی داواشی دەکات، ڕێزگرتنە لەفرەیی سیاسی و بەرز ڕاگرتنی جیاوازییەکان و پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردنە بۆ ئەوەی بگەینە کەناری سەرفرازی.**

**هەروەها لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و تێگەیشتنی نێودەوڵەتی لەدۆزی کوردو چارەسەری ڕیشەیی بۆ کێشەی کورد، مسرور بارزانی لەماوەی خوێندنی لەواشنتۆن هەوڵێکی زۆریدا ئەم لایەنە بۆ بەرژەوەندی دۆزی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان وەرچەرخێنێت، هەر لەم پێناوەشدا دەستپێشخەری کرد بە دامەزراندنی سەنتەری مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی لە زانکۆی ئەمریکا لەواشنتۆن، بۆ ئەوەی ئەم سەنتەرە بەردەوام دیراساتی ئەکادیمی لەسەر پرسی کوردو گەلانی ناوچەکە بەرهەم بێنێت و کۆنفراسی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی جیهان گرێبدات و لە هەوڵی ئەوەشدا بێت چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی دابینکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی سەیر بکرێت، نەك وەك پێشان کە چارەسەری ڕیشەیی کێشەی کورد وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی سەیر دەکرا.**

**لەسەر ئاستی بایەخدانی بەلاوان و نەوەکانی ئایینده وەك سەرچاوەی نوێبوونەوەی پارتی، مسرور بارزانی پرۆسەی بایەخدان بەلاوان و جێکردنەوەیان لەناو سەرکردایەتی پارتی و دروستکردنی بڕیاردا بە پرۆسەیەکی بەردەوام دەزانێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە هەمیشە بایەخ بەلاوان بدرێت و بهێنرێنە ناو سەرکردایەتی پارتی و ڕۆڵی دیاریان لە کۆمەڵگەدا پێبدرێت.**

**لەم چوارچێوەیەدا و بەبۆنەی ٦٥ یەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەپێویستمان زانی بەڕێز مسرور بارزانی لەسەر ئەم بۆنەیەو چەندین پرسی هەنووکەیی بێنینە ئاخاوتن، بەسوپاسەوە داواکەی گوڵانی پەسەند کردو بە سنگ فراوانییەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی بەڕێز مسرور بارزانی یە لەگەڵ گۆڤاری گوڵان.**

تریشەوە پارتی هیچ کاتێك لەسەر حسابی خەڵکی کوردستان موساوەمەی نەکردووە و سەرکردایەتی پارتی و بە تایبەت جەنابی بارزانی نەمر وسەرۆك مەسعود بارزانی هەمیشە ئامادەی خۆبەختکردن بوونە لە پێناو پاراستنی ژیان وماڵ وکەرامەتی خەڵکی کوردستان و، لە کاتی تەنگانەدا هەمیشە پارتی یەکەم پەناگە و یەکەم بەرگریکاری خەڵکی لێقەوماوی کوردستان بووە. کەواتە وەك ماڵێکی گەورە هەمیشە ئامێزی کراوە بووە و ئەم پێوەندییە نەپساوەیە وای کردووە پارتی هەمیشە جێگای متمانەی خەڵکی کوردستان بێت.

*** لەسەر پێشنیاری سەرۆك مسعود بارزانی داوا لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا، کە هەوڵبدرێت مافی بڕیاردانی چارەنووس بخرێتە ناو بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئایا تاچەند کارتان بۆ ئەو پێشنیارە کردووە؟ ئایا لای پارتی بڕیاردانی مافی چارەنووس چ مانایەکی هەیە؟ بۆچی پارتی هێندە ئەم بڕیارەی بەلاوە گرنگە؟**

- پێشنیاری جەنابی سەرۆك لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بڕوایەکی تەواوی بە یەکسانیی نەتەوەکان ومافی مرۆڤ و داوای ڕەوای خەڵکی کوردستان هەیە.

زۆرجار جەنابیان فەرموویانە کە ماف لە لایەن خواوە دەدرێت. ئێمە مافمان لێ سەندراوەو بەدەست هێنانی مافەکانمان حەقی خۆمانە. جێبەجێ کردنی هەر بڕیارێکیش پێشتر پێویستی بە بڕیار وئیرادەی جێبەجێ کردن هەیە. ئێمە تەنیا دروشم هەڵناگرین و دەزانین گەلێکی مافخوراوین و پشت بەخوا ئەو مافە ڕۆژێك وەردەگرینەوە.

*** بۆ پارتی و ئەندامانی پارتی جێگەی سەربەرزییە کە ئێستا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرۆکی هەڵبژێراوی گەلی کوردستانە، لای سەرۆکی کوردستانیش مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان مەسەلەیەکی مەبدەئییە و هیچ کاتێك تەنازولی لەسەر ناکات، ئایا تاچەند ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی لەناو پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەنگیداوەتەوە؟ تاچەند ئامادەن بۆ ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی قوربانی بدەن؟**

- ئێمە شانازی دەکەین کە جەنابی سەرۆك نەك تەنیا جێگەی متمانەی پارتەکەیەتی بەڵکو زۆرینەی خەڵکی کوردستان متمانەی پێدەکەن و جێگەی بڕوایانە. ئەمەش بێگومان ئەنجامی مێژووی خەبات و هەڵوێستەکانی جەنابیانە. پارتی دامەزراوەیەکی سیاسیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان، بۆیە پارتی بەردەوام لە ئاستی متمانەی



خەڵكدا دەمێنێتەوەو ڕاستگۆیانە لە پێناو خزمەتیان و وەدەستهێنانی گشت ماف وئامانجەكان هەوڵ دەدات.

*** پارتی دیموكراتی كوردستان لەماوەی ٦٥ ساڵی تەمەنیدا بەوە ناسراوە، بۆ هەموو قۆناخێك بەرنامەی تایبەتی هەبووە و لەناو نائومێدیدا سەرچاوەی ئومێد بووە، بێگومان ئێستا پارتی لە قۆناخێكدایە هەموو كوردستانییەكان چاوی ئومێدیان تێبڕیوە، ئایا بەڕای بەڕێزتان پارتی بەرنامەی بۆ قۆناخی ئێستا چییە و ئومێدی بۆ ئاییندەی كوردستان لەسەرچی چڕكردۆتەوە؟**

- پارتی هەمیشە بڕوای بەخۆی و خەباتەكەی هەبووە و هیچ كاتێك هەستی نەكردووە كە پێویستیی بە موزایەدەی سیاسیی و یاریكردن بە هەستی خەڵكی كوردستان هەیە. هەمیشە لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاكانی كوردستان بڕیاری داوەو دارشتنی بەرنامەكانیشی لە قۆناغە جیاجیاكانی مێژووشدا لەسەر بنەمای توانای جێبەجێكردنی ئەو بەرنامانە بووەو، لەهەموو ئەزموونێكیش سەركەوتوو بووە. پارتی دروشم لەپێناوی دروشم و ڕاكێشانی هەست وسۆزی خەڵك بەرز ناكاتەوە، هەر كاتێ بڕیاری بەرزكردنەوەی دروشمێكیدا هەموو هەوڵێك دەدات جێبەجێی بكات. ئێستاش پارتی هەست بە هەستیاری ئەم قۆناغە دەكات و خۆشی ئامادە دەكات بەشێوەیەكی واقعیانە و لۆژیكی هەڵسوكەوت لەگەڵ ڕووداوەكان بكات.

*** پارتی لە قۆناخی خەباتی چەكداریدا هەموو كات بڕوای بە خەباتی بەرەیی و پێكەوە كاركردن هەبووەو پێشەنگ بووە لە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی دیموكراتی (جود)، دواتریش بەرەی كوردستانی، ئەم گیانی بەرەیی و پێكەوە كاركردنە بووە مایەی دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڵام ئێستا باردۆخەكە گۆڕدراوە، پارتی یەكێكە لە حزبە فەرمانڕەوایەكانی كوردستان و لەبەرامبەردا حزبی ئۆپۆزسیۆن هەیە، ئایا بەرنامەی پارتی بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن چۆنەو هەروەها چۆن سەیری ئۆپۆزسیۆن دەكات؟**

- پارتی لە قۆناغی خەباتی چەكداری

**بەرزراگرتنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی و بەردەوامیدان بە خەباتێكی پاك و سەربەرزانە وئاشتیانە و سەردەمیانە. دەتوانێت ئایندەیەكی ڕووناكمان بۆ دابین بكات**

**پارتی هیچ كاتێك لەسەر حسابی خەڵكی كوردستان موساوەمەی نەكردووە و جەنابی بارزانی نەمر وسەرۆك مەسعود بارزانی هەمیشە ئامادەی خۆبەختكردن بوون لە پێناو پاراستنی ژیان وماڵ وكەرامەتی خەڵكی كوردستان**

**جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی زۆرجار فەرموویەتی ماف لە لایەن خواوە دەدرێت. ئێمە مافمان لێ سەندراوە و بەدەست هێنانی مافەكانمان حەقی خۆمانە**

**پارتی دامەزراوەیەكی سیاسیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی گەلەكەمان. بۆیە پارتی بەردەوام لە ئاستی متمانەی خەڵكدا دەمێنێتەوە و ڕاستگۆیانە لەپێناو خزمەتیان و وەدەستهێنانی گشت ماف وئامانجەكان هەوڵ دەدات**

**پارتی دروشم لە پێناو دروشم وڕاكێشانی هەست وسۆزی خەڵك بەرز ناكاتەوە. هەر كاتێ بڕیاری بەرزكردنەوەی دروشمێكی دا هەموو هەوڵێك دەدات جێبەجێی بكات**



مسرور بارزانی لەحزوری سەرۆك بارزانی و پۆلێك پێشمەرگەدا

و ئێستاش لە سەردەمی حوكمڕانیدا، هەموو مەبەستێكی خزمەتی خەڵكی كوردستان و دابینكردنی دەسكەوتی زیاتر بۆ گەلەكەمان بووەو دەبێت. بۆیەشە هەر لایەن وپارت و گرووپێك لە پێناو دەستەبەركردنی ئامانجەكانی گەلەكەمان خەبات بكات، پارتی بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێت و دەستی دۆستی و هاوكاریی بۆ درێژ كردووە. ئێستاش كە یاسا و ڕێسای حوكمرانی و ئۆپۆزسیۆن هەیە، پارتی وەك لایەنێك ملكەچی یاساو ئیرادەی خەڵكی كوردستان مامەڵە دەكات وهەمیشە ڕێزی لە دەنگ و بڕیاری خەڵك گرتووە كە لە هەڵبژاردنەكاندا دەریدەخەن.

*** پارتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە خۆی وەك پارتێكی دیموكراتی ڕاگەیاندووە، بەڕێزتان دەزانن لە دیموكراتیدا هیچ پارتیك تاسەر پارتی فەرمانڕەواو تاسەر پارتی ئۆپۆزسیۆن نییە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەر ڕۆژێك پارتی بووە ئۆپۆزسیۆن، لای ئێوە ئۆپۆزسیۆن بوون چ مانایەك دەگەیەنێت؟**

- ئەوەی بڕوای بە دیموكراسیەت و پرۆسەی هەڵبژاردن هەبێت دەبێ ملكەچی ئەنجامەكانیشی بێت. لە هەر هەڵبژاردنێكدا لایەنی براوە دەبێتە دەسەڵات و لایەنی دۆڕاویش ئەگەر بە پێی ڕێكەوتن لەگەڵ لایەنی براوە بەشداری لە دەسەڵات و حكومەتدا نەكات، دەبێتە ئۆپۆزسیۆن. ئۆپۆزسیۆن پێویستە بەر لە هەر شتێك ڕێز لە را و دەنگ و ئیرادەی خەڵك بگرێت و تا هەڵبژاردنی داهاتوو بەشێوەیەكی شارستانیانە هەوڵی راستكردنەوەی هەڵەو شكستەكانی خۆی بدات. لایەنی دەسەڵاتیش بەرنامەیەكی ڕاگەیەندراوی هەیە كە خەڵك چاوەڕوانی جێبەجێكردنی دەبن. بۆیە دەسەڵات ئیلتیزامی جێبەجێ كردنی ئەو بەڵێنانەی لەسەرە كە لە كاتی هەڵبژاردندا بە خەڵكی داوەو بەهۆیانەوە متمانەی خەڵكی وەرگرتووە. هەركاتێ لایەنی دەسەڵات نەیتوانی لە هەڵبژاردنێكدا سەركەوتن بەدەست بێنێت، پێویستە بچێتە شوێنی ئۆپۆزسیۆن و هەوڵ بدات ڕێگایەكی شارستانیانە بگرێتەبەر بۆ گەیشتنەوە بەدەسەڵات لە هەڵبژاردنی داهاتوویدا، هەروەها بەردەوام

**ئێستاش كە یاسا و ڕێسای حوكمرانی و ئۆپۆزسیۆن هەیە، پارتی وەك لایەنێك ملكەچی یاسا و ئیرادەی خەڵكی كوردستان مامەڵە دەكات وهەمیشە ڕێزی لە دەنگ و بڕیاری خەڵك گرتووە كە لە هەڵبژاردنەكاندا دەریدەخەن**

**ئەوەی بڕوای بە دیموكراسیەت و پرۆسەی هەڵبژاردن هەبێت دەبێ ملكەچی ئەنجامەكانیشی بێت**

**هەركاتێ لایەنی دەسەڵات نەیتوانی لە هەڵبژاردنێكدا سەركەوتن بەدەست بێنێت، پێویستە بچێتە شوێنی ئۆپۆزسیۆن و هەوڵ بدات ڕێگایەكی شارستانیانە بگرێتەبەر بۆ گەیشتنەوە بەدەسەڵات لە هەڵبژاردنی داهاتوودا**

**لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە كە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن خۆیان بەخزمەتكاری خەڵك بزانن و ململانێی سیاسیی نێوانیان دەسكەوت و بەرژەوەندییەكانی گەل و وڵات نەخاتە مەترسییەوە**

**ئەو گۆڕانكاریانەی لە ناوچەكەدا دەبینین ئاماژەن بۆ ئەو ڕاستییەی كە هیچ هێزێك لە ئیرادەی گەل بەهێزتر نییە و هیچ ڕژێمێكی سەركوتكاریش تا سەر دەوام ناكات**

# مسرور بارزانی لەچەند دێڕێکدا

- مسرور بارزانی کە ئێستا تەمەنی لەسەرووی چل ساڵیە، لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە بۆتە پێشمەرگەو یەکێك بووە لەو پێشمەرگانەی کە بەشداری لە داستانی خواکورك و ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کردووە.

- مسرور بارزانی وەك لاوێکی شۆڕشگێر هەموو کات هەوڵی داوە ئاستی زانستی پێشبکەوێت، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانێت خزمەتی گەلەکەی بکات، هەربۆیە دوای ساڵی ١٩٩٢ هەوڵیداوە فێری زمانی ئینگلیزی بێت و بۆ ئەمەش ماوەی ساڵێك چۆتە بەریتانیا و بەسەرکەوتوویی کۆرسی زمانی تەواو کردووە.



- لەدوای خوێندنی ئەم کۆرسەی زمانە، چۆتە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن و بڕوانامەی بکالۆریۆسی بەپلەی زۆر باش لە دیراساتی نێودەوڵەتی وەرگرتووە.

- لەو ماوەیەی مسرور بارزانی لە واشنتۆن خەریکی خوێندن بووە، توانیویەتی کارێك بکات کە لەسەر ئاستی ئەکادیمی و سیاسی باشتر لە کێشەی کورد و چۆنییەتی چارەسەرکردنی تێبگەن، هەر لە پێناوی ئەم مەبەستەش توانی سەنتەری مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی وەك ناوەندێکی توێژینەوە بۆ دیراساتی کوردی لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن دابمەزرێنێت.

- مسرور بارزانی دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٩٨ قۆناخی یەکەمی خوێندنی تەواو کردوو گەڕایەوە بۆ کوردستان لەکۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و دواتریش هەڵبژێرا بۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و پاشان بەرپرسیاریەتی سەرۆکایەتی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی کوردستانی پێسپێردرا.

- لەو ماوەیەی کە بەرێزی سەرۆکایەتی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی کوردستانی کردووە، ئەم دەزگایە توانیویەتی خزمەتی گەورە بەئاسایش و سەقامگیری و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا بکات، هەر ئەم ئاسایش و سەقامگیریەش بۆتە ئەو فاکتەرەی کە بتوانرێت دەست بەم پرۆسە فراوانەی پەرەپێدان بکرێت و هەرێمی کوردستان هەنگاوی گەورە بەرەو پێشەوە هەڵبگرێت و ڕێگە نەدات لە لایەن تیرۆریستانەوە ئاسایش و ئارامی هەرێمی کوردستان بشێوێنرێت.

رێنوێنی وچاودێری دەسەڵات بکات بە رێگە یاساییەکان و بە بەشداریی ئەکتیڤی ئەندامەکانیان لە پەرلەمان و بەکارهێنانی شێوازی سەردەمیانە. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن خۆیان بە خزمەتکاری خەڵك بزانن و ململانێی سیاسیی نێوانیان دەسکەوت و بەرژەوەندیەکانی گەل و وڵات نەخاتە مەترسیەوە. کەواتە پێویستە ئۆپۆزسیۆن ودەسەڵات راستگۆ بن لەگەڵ گەلەکەیان و خەڵك نەکەنە قوربانیی هیچ دەسکەوتێکی سیاسی و شەخسی. پارتی وەك لایەنێکی سیاسی پابەندی ئیرادەی خەڵك دەبێت لە هەر شوێنێك خۆی ببینێتەوە.

*** ئێستا لەسەر ئاستی ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەپۆلی کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕووی کردۆتە ناوچەکە، بەتایبەتی سوریا کە راستەوخۆ دراوسێی هەرێمی کوردستانە، بەڕێزتان چۆن ئەو گۆڕانکارییانە بەگشتی و بارودۆخی سوریا تەماشا دەکەن و پەیامتان بۆ کوردی سوریا چییە؟**

- ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکەدا دەیبینین ئاماژەن بۆ ئەو راستییەی کە هیچ هێزێك لە ئیرادەی گەل بەهێزتر نییە و هیچ رژێمێکی سەرکوتکاریش تا سەر دەوام ناکات. ئێمە پشتگیری لە مافی گەلان و بەرفراوانبوونی سیستەمی حوکمڕانیی دیموکراسی لەهەموو ناوچەکەدا دەکەین و پشتگیری لە مافە ڕەواکانی کورد لە سوریا دەکەین و هیواداریـن بگەنە کەناری ئاشتی و ئارامی و بەگشت مافەکانیان شاد ببن.

*** بەڕێزتان دەزانن، کاتێك حزب لە حکومەتدا بێت و حزبی فەرمانڕەوا بێت، بەردەوام رەخنەی لێدەگیرێت و بەگەندەڵی تۆمەتبار دەکرێت، لەم چوارچێوەیەشدا کادرانی پارتی کە ئێستا لەناو حکومەت کاربەدەستن، پەنجەی تۆمەتی گەندەڵییان بۆ درێژ دەکرێت، ئایا ئێوە ڕاتان بەرامبەر ئەو تۆمەتانە چییە؟ ئایا سیاسەتی پارتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی چییە؟ تاچەند لەرێی پارتیەوە کار بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی دەکەن؟**

- ناکرێ حزب یان دەسەڵات بەگشتی تاوانبار بکرێت. ئەوەی کار بکات لەوانەیە هەڵەش بکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە هەڵەکان بەردەوام نەبێت. ئێمە بەهیچ شێوەیەك پشتگیری لەگەندەڵی ناکەین چ لەدەسەڵاتدا بێت یان دەرەوەی دەسەڵات و کەسیش بێبنەماو لەخۆمانەوە تاوانبار ناکەین. یاسا هەیە و دادگا تەنیا شوێنە کە دەتوانێت بریار بدات کێ لەگەندەڵی تێوەگلاوە. ئەگەر کەسێك لەناو پارتی بە گەندەڵی تۆمەتبار بکرێت وەك هەر کەسێکی ئاسایی پێویستە ڕووبەڕووی دادگا و یاسا ببێتەوە. پارتی دژی گەندەڵییەو هەموو هێزی خۆی بۆ پاڵپشتی لە چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی دەخاتە کار.

*** سەرۆکی کوردستان بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لە بەهاری ئەمساڵدا قۆناخی یەکەمی بەرنامەی چاکسازی خۆی راگەیاندو لە ناوەڕاستی حوزەیرانیش قۆناخی دووەمی ڕاگەیاند، ئایا وەك پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن سەیری ئەو بەرنامەیەی جەنابی سەرۆك دەکەن؟ تاچەند هاوکاری سەرۆکن بۆ ئەوەی بەرنامەکەی سەرکەتوو بێت؟ ئایا بەڕای بەرێزت تا ئێستا بەرنامەکەی تاچەند سەرکەتوو بووە؟**

- بەرێز جەنابی سەرۆك بڕوای پتەوی بەحوکمڕانی دادپەروەرانەو دڵسۆزانە هەیەو هەڵمەتێکی بەرفراوانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو بنبڕکردنی گەندەڵی دەستپێکردووەو بێ فەرق و جیاوازی هەرکەسێك بە بەڵگەی سەلمێنەر لە گەندەڵی تێوەگلابێت ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت. ئێمە ئەو هەڵمەتەی جەنابی سەرۆك بە بەرز دەنرخێنین و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ بەڕێزیان دووبارە دەکەینەوە. پێموایە بنبڕکردنی گەندەڵی پێویستیی بە میکانیزمێکی پاك و بێگەردە کە ڕێگە لە ئەنجامدانی گەندەڵی بگرێت نەك تەنیا بەدواداچوونی ئەو گەندەڵیەی کە کراوە بکات. ئەمەش لەبەرنامەی جەنابی سەرۆکدا هەیە. بێگومان ئەوانەی گەندەڵی دەکەن بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیەش هەوڵی پاساوهێنانەوەو دواخستنی ئیجرائات دەدەن، بەڵام هیوادارم بە

**پێویستە ئۆپۆزسیۆن ودەسەڵات راستگۆ بن لەگەڵ گەلەکەیان و خەڵك نەکەنە قوربانیی هیچ دەسکەوتێکی سیاسی و شەخسی**

**ئێمە پشتگیری لە مافی گەلان و بەرفراوانبوونی سیستەمی حوکمڕانیی دیموکراسی لە هەموو ناوچەکەدا دەکەین و پشتگیری لە مافە ڕەواکانی کورد لە سوریا دەکەین**

**ئێمە بە هیچ شێوەیەك پشتگیری لە گەندەڵی ناکەین چ لە دەسەڵاتدا بێت یان دەرەوەی دەسەڵات و کەسیش بێبنەماو لە خۆمانەوە تاوانبار ناکەین. یاسا هەیە و دادگا تەنیا شوێنە کە دەتوانێت بڕیار بدات کێ لە گەندەڵییەوە تێوەگلاوە**

**ئەو هەڵمەتەی جەنابی سەرۆك بۆ چاکسازی بەرز دەنرخێنین و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ بەڕێزیان دووبارە دەکەینەوە**

**نوێبوونەوە مانای گۆڕانی سیستەمێك بە سیستەمێکی دیکە نییە. بەڵکو بەردەوامییە لە خۆ گونجاندن لەگەڵ قۆناغەکانی هەنووکەیی و ئامادەبوونە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکانی داهاتوو**

هاوکاری خەڵکانێکی دڵسۆز پەلە لە سەرکەوتنی بەرنامەی بەرێزیان بکرێت.

*** دروشمەکانی پارتی لە کۆنگرەی ١٣ بریتی بوون لە (نوێبوونەوە و دادپەروەریی و پێکەوەژیان) بێگومان لەم پرسیارەدا جەخت لەسەر نوێبوونەوە دەکەین، ئایا مەبەستان لەنوێبوونەوە چی بوو، چیتان کردووە، تاچەند توانیوتانە جێگە بۆ نەوەی نوێ لەناو پارتی بکەنەوە؟**

- نوێبوونەوە کۆتایی نایەت، واتە تەنیا یەکجارو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوام و سیستماتیکییە. نوێبوونەوە مانای گۆڕانی سیستەمێك بە سیستەمێکی دیکەش نییە، بەڵکو بەردەوامیە لە خۆ گونجاندن لەگەڵ قۆناغەکانی هەنووکەیی و ئامادەبوونە بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکانی داهاتوو. ئێمە لە ناو پارتیدا هەم بەرنامەی نوێمان هەیە بۆ ئەم قۆناغە، هەم ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیرە پێشکەوتووەکانی پارتی هاتوونەتە سەرکردایەتی کە درێژەپێدەری رێبازە پیرۆزەکەی بارزانین و ئومێدێکی زیاتریان بۆ توێژی گەنج و دڵسۆز بەرهەم هێناوە کە رێگەی پێشکەوتن و سەرکەوتن لە ناو پارتیدا کراوە و فراوانە.

*** لایەنێکی دیکە کە پێویستە لەم یادە راشکاوانە وەك رەخنە رووبەڕووی پارتی بکەینەوە، گلەیی و گازندەی خەڵکی سلێمانی و گەرمیانە، ئێمە وەك گوێبیستی رەخنەکانیان بووین، خەڵکی ئەو ناوچەیە گلەیی ئەوە لەپارتی دەکەن، کە بایەخدانی پارتی بەو ناوچانە لەئاستی خەباتی قوربانیدانیان نییە، ئایا بەڕاستی پارتی ئەو ناوچانەی فەرامۆش کردووە؟ ئەگەر فەرامۆشی نەکردووە پەیامی بەرێزت بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە چییە؟**

- رەخنەو گلەیی خوشك و برایانمان لەسنوورەکانی گەرمیان و سلێمانی بەدڵێکی فراوان قبوڵ دەکەین و مافی خۆیانە چاویان لە پارتی بێت بایەخێکی زیاتر بەو سنوورانە بدات. هەموو شارو شارۆچکەو هەر بستێکی وڵاتەکەمان خۆشەویست وجێگەی بایەخە، بەڵام بەداخەوە هەندێك رووداوی ناخۆش لەماوەی ڕابردوودا هێزو تواناکانی پارتیی لەو شوێنانە سنووردار کرد. سەرەڕای ئەم گرفتانە بەهیچ شێوەیەك فەرامۆش نەکراون و لە کۆنگرەی ١٣ بڕیاری پارتیمان ئەوە بووە کە گرنگی بەو سنوورانە بدرێت. چۆن پارتی پێشتر پێشڕەوی خەبات و تێکۆشان بووە لەو سنوورانە، لەمەولاش هەوڵی نزیکبوونەوەی زیاتر لە خواستی خەڵکی ئەم دەڤەرانە دەدات و لە هێڵی پێشەوەی ئاوەدانی و سەقامگیرکردنی بارودۆخ و خزمەتی خەڵکەکەدا دەبێت. داوا لە هەموو خوشك وبرایانی خۆشەویست دەکەم کە هاوکارمان بن، پارتی لە خزمەتیاندا بەردەوام بێت و رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت.



*** وەك تێبینی دەکەین بەرێزت زیاتر سەردانی ناوچەکانی هەولێر و بادینان دەکەیت، تا ئێستا نەمانبینیوە ناوچەکانی گەرمیان و هەڵەبجە و سلێمانی بەسەر بکەیتەوە، ئایا بەنیازن نین ئەو ناوچانە بەسەر بکەنەوە؟**

- زۆرم پێخۆشە سەردانی هەموو ناوچەکان بکەم هەرچەندە چەندین جار چووم بەڵام پێمخۆشە زیاتر لە خزمەتی خوشك و برایانم لەو ناوچانەدا بم. ئەوەی راستی بێت هەموو چالاکییەکانم بەبەرچاوی کامێرادا نەبوون و مەبەستم زیاتر خزمەتکردن بووە نەوەك خۆدەرخستن.


مسرور بارزانی لە نێو پێشمەرگەکانی کوردستاندا

هیوادارم شانسی ئەوەم هەبێت زیاتر دەرفەتی کارکردنم لەو سنوورانەش بەرکەوێت.

*** لە مانگی ئاییندە یۆبیلی زێڕینی شۆڕشی مەزنی ئەیلولە، ئەم شۆڕشە یەکێکە لە گەورەترین شۆڕشەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان، ئایا چۆن خۆتان بۆ یادکردنەوەی ئەو بۆنەیە ئامادەکردووە؟**

شۆڕشی گەورەی ئەیلول، شۆڕشی دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی و فراوانکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بوو، بۆیە لەسەر هەموومانە ئەم یادە بەرز بنرخێنین و بەڵێن دووپات بکەینەوە کە تا بەدیهێنانی هەموو مافەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوام بین و ئەوەی پێویستە لەسەرمان دریغی نەکەین. لە ئێستادا لە هەموو وردەکارییەکانی ئامادەکاری بۆ یادی شۆڕشی ئەیلول ئاگادار نیم، بەڵام هیوادارم هەر تاکێکی ئەم وڵاتە لە لای خۆیەوە بەڵێنی وەفاداری و درێژەپێدان بە خەباتی شەهیدە سەربەرزەکان و پێشمەرگە قارەمانەکان و گەلە تێکۆشەرەکەمان بدات و بەم شێوەیە ئەم یادە پیرۆز ڕابگرین.

**پارتی دژی گەندەڵییە وهەموو هێزی خۆی بۆ پاڵپشتی لە چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی دەخاتە کار**

**لە ناو پارتیدا هەم بەرنامەی نوێمان هەیە بۆ ئەم قۆناغە. هەم ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیرە پێشکەوتووەکانی پارتی هاتوونەتە سەرکردایەتی کە درێژەپێدەری ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانین و ئومێدێکی زیاتریان بۆ توێژی گەنجان بەرهەم هێناوە**

**ڕەخنە و گلەیی خوشك و برایانمان لە سنوورەکانی گەرمیان و سلێمانی بەدڵێکی فراوان قبوڵ دەکەین و مافی خۆیانە چاویان لە پارتی بێت بایەخێکی زیاتر بەو سنوورانە بدات**

**شۆڕشی گەورەی ئەیلول، شۆڕشی دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی وفراوانکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بوو. بۆیە لەسەر هەموومانە ئەم یادە بەرز بنرخێنین**

**هیوادارم شانسی ئەوەم هەبێت زیاتر دەرفەتی کارکردنم لە سنووری سلێمانی و گەرمیان بەرکەوێت**

# پارتە سیاسییەکان: چەمکی کۆن و تەحەددیاتی نوێ



دکتۆر شێرزاد نەجار

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی لەناو دەوڵەتانی هاوچەرخدا، بە دینگەو ڕەگەزێکی بنەڕەتی بۆ پرۆسەی دیموکراتییەت دەژمێردرێن، پارتی سیاسی ئامرازێکە بۆ پێڕەوکردنی کاروبەرنامەی تاك و گرووپەکان کە دواتر کاریگەرییەکی بەرچاویان دەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا، بەمشێوەیە پارتی سیاسی ئامرازێکە بۆ میانگیری و ناوبژیوانی لەنێوان هاووڵاتییاندا، بەمانایەکی تریش پردێکە لەنێوان کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسیدا، پارتە سیاسییەکان گەر پێناسەیان بکەین لەم چوارچێوەیەوە ڕۆڵێکی گرنگ لەناو دەوڵەت دەگێڕن، چونکە ئەندامەکانی پۆست و پلەوپایەی سیاسی دەخەنەکار و بەوشێوەیە کاریگەرییەکی ڕوون و ئاشکرایان لەسەر بڕیار و سیاسەتەکانی دەوڵەت و کاروباری ژیان دەبێت، ئەمەش وا خۆی نیشان دەدات کە پارتە سیاسییەکان لە قەبارەی سروشتی خۆیان دەسەڵاتێکی زیاتریان هەبێت، بۆیە بەهۆیانەوە ئەم پرسیارانە دەوروژێن:

١- پارتی سیاسی چییە؟ بنەچەی لەکوێوە هاتووەو چۆن دروست بووە؟

٢- ئەو ئەرك و وەزیفانەی پارتە سیاسییەکان لەناو پرۆگرامی سیستەمی سیاسیدا چین و کامانەن؟

٣- ژێرخانی ڕێکخستن بۆ پارتی سیاسی کامەیە؟

٤- ئەو هاوبارگە بوون و تێکەڵبوونە کە لەناو دنیای ڕێکخستنی پارتی سیاسیدا ڕوودەدەن، کامانەن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، پرسیارێکی گرنگتر دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە، ئایا دەوڵەتی دیموکراتی هاوچەرخ بەراستی گۆڕدراوە بۆ دەوڵەتی حزبەکان؟ یان ئەوەتا ئەم حزبانە بەرەو نەمان و داڕووخان دەچن؟ یان کۆمەڵێك بەربەست و تەحەدییات ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و پێویستە مامەڵەی لەتەکدا بکەن. دواجار ئایا پێویستە بە بەردەوامی حزبەکان خۆیان نوێ بکەنەوە؟

پارتە سیاسییەکان لە سیستەمی سیاسی هاوچەرخدا بریتین لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی بنەڕەتی بۆ چالاکی و کاری سیاسی، هەروەها کۆمەڵێك ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسییان لە ئەستۆدایە، لێرەوە کاری جەماوەری ڕۆڵێکی گرنگ لەناو چالاکییەکانی مەیدانی گشتیدا دەگێڕن، ئەوەش دەکەوێتە سەر چۆنییەتی ڕازی بوونی جەماوەر بەو کارو چالاکییانە، لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا دەپرسین چ سوودێك لەو لێکۆڵینەوانەدا هەیە کە لەسەر بارو وەزعی پارتە سیاسییەکان دەنووسرێن لەپێناوی تێگەیشتن لە ڕۆڵ و سروشت و پەیکەربەند و بونیادی ڕێکخستنیان. بەڕای هەندێك لە توێژەران ئەو لێکۆڵینەوانەی کە تا ئێستا لەمبارەیەوە بوونیان هەیە هەروەکو چۆن توێژەر «بارتولونی» لە ساڵی ١٩٤٥ەوە زیاتر لە ١١٥٠٠ کتێب و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە لەسەر پارتە سیاسیەکان و ڕۆڵیان لەناو دەوڵەتانی خۆرئاوا، بۆیە هیچی وای نەهێشتۆتەوە قسەی لەسەر نەکات، جگە لە چەند بابەتێکی نوێ نەبێت کە ئێستا لە ژێر لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانی بوارەکەدان. ژمارەیەکی تر لە توێژەران پێیانوایە ئەوەی بارتولونی نووسیویەتی لەهەموو ڕوویەکەوە کامڵە چ پێویست ناکات لێکۆڵینەوەی مەیدانی نوێ ئامادە بکرێت، چونکە پارتەکان بە تێپەڕینی زەمەن بوونەتە شتێکی لاوەکی، لەبەر ئەوەی شکستیان هێناوە لە وەڵامدانەوەی ئەو تەحەدیاتانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە. بۆیە ئەم پارتانە بەرەو داڕمان دەچن و دەجووڵێن، داڕمانێك کە ناتوانن خۆیانی لێ لابدەن ((in an inexorable process of decline))گرووپێکی تر هەن وای دەسەلمێنن کە توێژەران تا ئێستا نەیانتوانی بێت تیۆری گشتی پارتە سیاسییەکان پەرە پێبدەن، هەر توانایەکی تر لەمبارەیەوە بخرێتە کار ئاکامەکەی نوشوستی هێنانە، کەواتە لە چوارچێوەی زانستی سیاسەتدا، ئاسان نییە بابەتی پارتە سیاسییەکان بە هەموو ئەو گرێ کوێرەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، شرۆڤە بکرێت، ئێمەش لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا هەوڵ دەدەین پەنجە بخەینە سەر ئەو تەحەددیاتانەی کە ڕووبەڕووی پارتەسیاسییەکان دەبنەوە.

پارتە سیاسییەکان لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە ژمارەیەك تەحەدییاتی تازە بەرەنگاریان بۆتەوە، کەواتە کۆمەڵێك پرسیاری نوێ ڕووبەڕووی پارتە سیاسییەکان دەکرێتەوە کە پێویستە مامەڵەیەکی زانستیانە و وردیان لەگەڵدا بکرێت.

زەمەنی ئاڵتونی پارتە سیاسییەکان (کە تەنیا داینەمۆیەکی ئەکتیڤ بوون بۆ چالاکی جەماوەری) خەریکە تێدەپەڕێت، کەواتە پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەسەر پارتە سیاسییەکان و ڕۆڵیان بۆ بە دیموکراسیکردنی کۆمەڵگە و دەستنیشانکردنی ئەو تەحەدییاتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە بکرێت.

سەرەتا پێویستە بگوترێت پارتە سیاسییەکان لە کاروچالاکییەکانیاندا دەیانەوێت ژمارەیەك ئەرك و بڕیار جێبەجێ بکەن، گرنگترینیان.

١- کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان.

٢- وتووێژو دانوستاندن لە نێوان گرووپەکانی کۆمەڵگە.

٣- ئامادەکردنی کادیران.

٤- ڕێکخستنی کاروبارەکان لەنێوان دەزگاکانی حکومەت و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٥- ئەنجامدانی سەقامگیری سیاسی (سەقامگیری سیاسی هەموو کات وەدینایەت، چونکە لە زۆر وڵاتی دنیادا جەماوەر لە دژی حکومەت دنە دەدرێن کە ئەوەش دەبێتە هێزێکی سەرەکی بۆ گۆڕانکارییەکان لە حکومەتدا). لە پێناوی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە پارتە سیاسییەکان ڕووبەڕووی تەحەدیاتی گەورە و مەترسیدار دەبنەوە، گرنگترینیان:

١- زۆربوونی ئامرازو هۆیەکانی راگەیاندن (راگەیاندنی جەماوەری، ئەنتەرنێت، یوتیوب و فەیسبوك وتویتەر). پەرەسەندنی ئەم تەکنەلۆژیایە و بەرزبوونەوەی کاریگەرییەتی لەسەر لایەنی سیاسی و کۆمەڵگەیی بۆیە پێویستە لەسەر پارتە سیاسییەکان ڕێباز و بڕوا و بیروبۆچوونیان بڵاوبکەنەوە و پێوەندیان بەجەماوەرەوە توندوتۆڵ بکەنەوە.

٢- لاوازی لە تێگەیشتنی بونیادی و پەیکەربەندی لەنێوان پارتە سیاسییەکان و هاووڵاتییاندا، (ئەمەش بریتییە لە ئاماژەیەك بۆ دابەزینی ئاستی پێوەندی و هاوچوونی لەنێوانیاندا. هەروەها زیادبوونی قەبارەی ناڕازیبوونی سیاسی لەناو هاووڵاتییاندا. هەروەها بڵاوبوونەوەی هەست کردن بە نامۆیی و تەشەنەسەندنی نیگەرانی).

٣- نالەباری دۆخی دەسەڵات لە ناو حکومەتدا و گواستنەوەی ئەم نالەبارییەتییە لە سەنتەرەوە بۆ کەنارو

ناوچــەکان ( ئەمــەش دەبێتە هۆی تێژبوونــەوەی کێبەرکێ لە هەڵبژاردندا، نزم بوونەوەی هەســتی نیشــتمانی و لۆکاڵی لەهەمانکاتدا ).

کەڵکــە بوونی ئــەم تەحەددییاتانە گەیشــتە ئەو رادەیەی پســـپۆران لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا پێشـــبینی ئەوە بکەن کە سیفەتی (رێکەوتی شــرۆڤەکاری) بە هەیکەلی رێکخستن و هەڵبژاردن و کەلتوری دامودەزگایی بدەن.

ئەوەش بەرەو ئاکامێکی مەترســـیدار و گرنگ پەلکێشمان دەکات و پێوەندی راســـتەوخۆی بەدارمانی حزبی سیاسییەوە ((decline of political party)) هەیــە، لەســەر ئــەو بناغەیەی کە هێشــتنەوەو بەردەوامی ئەو تەحەددییاتانە دەبنە هەرەشەیەك بۆ مانەوەی پارتەکان.

هەروەکو چۆن هەردوو توێژەر «لاوسن و مێرکل» ئاماژەی پێدەدەن و زانســـتانە سەرنجیان لێداوە، ئەم دیاردەیە لەناوەرۆکدا بریتییە لە (بزربوونێکی لەسەرخۆ)و بە کاوەخۆ بۆ دەزگاکانی حزب، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەیکەربەندێکی سیاسی نوێ جێگەی ئەوان بگرێتەوە، بەشـــێوازێکی وا کە زۆر گونجاوترو رێکتـــر بێت لەگەڵ واقیعی ئابووری و تەکنەلۆجی ســـەدەی بیســـت و یەکەم. لەکاتێکدا ئەمە بە تەنیـــا ئەو تەحەددییاتانە نیـــن کە پارتە سیاســـییەکان رووبەڕووی دەبنـــەوە، بەڵکو لە رێگەی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتییەوە (کەئەمەش چەمکی پرۆ فیسۆر «هنتکتن»ـە تەحەدایەکی گرنگ و نوێ دەرکەوت کە پێوەندی راستەوخۆی هەیە بە دروست بوون و لەدایکبوونی پارتە سیاسییە نوێیەکان و ســەرلەنوێ دارشتنەوەی بونیادی ئەو پارتانە لە ئاکامی تازەکردنەوەی رێبازەکانیاندا، ئەوەش لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا کە پێشـــتر دیموکراتی نەبوون، ئێستا روودەدەن. بۆیە پێویستە لەســـەر ئەم پارتانەش بە تەنیا ئەرك و وەزیفەی بنەڕەتـــی پارتایەتی بەرهەم نەهێنن کە بریتییە لە دامەزراندنـــی دیموکراتییەت (دامەزراندن لە پێناوی پاڵاوتنی کادرەکانیـــان بۆ دۆزینەوەی پۆســـت و کاری گونجاو بۆیان، ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان، پەیکەربەندی ئەجندەی سیاسی، دامەزراندنـــی حکومەت) بەڵکو پێویســـتە رۆڵێکی بنەڕەتیش ببینـــن کەلە بونیادنـــان و دامەزراندنـــی حکومەتێکی نوێی دیموکراتیدا خۆ دەبینێتەوە، لە هەمانکاتدا پێویســـتە حزبەکان وەك رێکخراوێکـــی ئەکتیـــڤ لەناو کۆمەڵگەدا هەســـتن بە پرۆســـەی بەدامودەزگایی کردنی پێگەو ناوەندەکانی خۆیان.

ئەم تەحەددییاتانە قورســـایی خۆیان دەخەنە ســـەر شانی پارتە سیاســـییەکان بۆ ئەوەی کار بۆ کۆکردنەوەی تواناکانیان بکەن تابەرنامەیەکی رێکوپێك بگرنەئەستۆی خۆیان، دواتر تا بتوانن بارودۆخی ململانێی سیاســـی لە ڕەگ و ریشـــەوە بگۆڕن، لێرەوە پرۆ فیسۆر «هنتکتن...» جەخت دەخاتەوە لەسەر ئەوەی ئەو دامودەزگایانەی پارتەکانیش پێویستە ئازادی تەواوی تێدا فەراهەم کرابێ، ئەم خاڵانەی خوارەوشی تێدا دەستەبەر بێت.

١- خۆ گونجاندن.
٢- ڕەوینەوەی ئاڵۆزییەکان.
٣- سەربەخۆیی.
٤- پلۆرالیزمی.

ئەگەر پارتە سیاسییەکان نەتوانن رووبەڕووی تەحەددییاتەکان ببنەوە، ئەوە دەکەونە بەر ڕەحمەتی چارەنووســـی پەرت بوون و لێکهەڵوەشـــان، هەروەها لە دارمانـــی تەواوەتی نزیك دەبنەوە. مەســـەلەی دارمانی پارتی سیاسی نامۆ نییە بە بەشەکانی لێکۆڵینەوەی زانســـتی سیاسەت، بەو شـــێوەیەی ئێستاش کە کاریگەرییەکانـــی ئەو پارتانە کەمترن لـــە رابردوو، هەروەها

ئێســـتا گرووپە بەرژەوەندخـــوازەکان و گرووپەکانی فشـــارو دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاتونەتە پێشەوەو ئەمان واتـــە پارتەکان چوونەتە دواوە، پێـــوەری دیاردەی دارمان لەم خاڵانەدا خۆیان دەنوێنن.

١- ژمارەی ئەندامان.
٢- ناسنامەی حزب.
٣- رێکخستنی حزب.
٤- کۆنترۆڵکردنی شێوازی پاڵاوتن بۆ وەرگرتنی پۆست.
٥- لێکگرێدانی ئایدیۆلۆژی.
٦- رۆڵی حزب لە حکومەتدا.
٧- شێوازی دەنگدانی، دەنگدەران و قەبارەی دەنگدان.

بەپێی بۆچوونی «ئالدرین»ی توێژەر ئەو بیروباوەڕانەی کە پێیوایە پارتی سیاسی بەرەو دارمان دەچێت پێویستە سەرلەنوێ بەپەیکەربەنـــدی خۆیاندا بچنەوەو هەیکـــەل داببرێژنەوە، بۆیە پێشـــنیازی گۆڕینی ســـیانیی دەکات D ‏(3D) بۆ سیانیی R ‏(3R)ەم شێوەیەی خوارەوە:

أ-

١- چەرخی حزب Party Decay
٢- دارمانی حزب. Party Decline
٣- هەڵوەشانەوەی حزب. Party Decomposition

ب-

١- ســـەر لەنـــوێ دەرکـــەوتـــنـــەوەی حـــزب. Party re-emergence
٢- بووژانەوەی حزب. Party revitalizatio
٣- زیندووبوونەوەی حزب. Party resurgence

پارتە سیاســـییە ئەورووپییەکان لەماوەی ســـێ ســـەدەی رابـــردوودا، توانییان بە پرۆســـەی خۆگونجاندن رووبەڕووی تەحەددییاتەکان ببنەوە. هـــەروەك هەردوو توێژەران «دالتۆن و کویخلەر» پێشنیازی ئەوەیان کرد کە کاریگەری بنەڕەتی بۆ دەرکەوتنی بزاڤە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان ئەو ئەرکە لەســـەر پارتە سیاســـییەکان دەچەسپێنن کە پرۆسەکانی چاکسازی و گۆڕانکاری دەستپێبکەن تا هاوکاریان بکات بۆ زامن بوونی ســـەقامگیرییەکی دووروودرێژ بۆ سیستەمی سیاسی، کەواتە ئەمە ئەو بەرپرســـیارێتیە گرنگ و مەترسیدارەی پارتەکانە لە سەدەی بیســـت و یەکەمدا، ئەمەش لەناو کەشوهەوایەکی شـــەفاف و دیموکراتیانەی پشت بەســـتوو بە رێنماییەکانی هاووڵاتییـــان ئاســـتی رازیبوونیان لەســـەر ئایدیۆلۆژییەتی حـــزب یـــان حزبێکـــی دیاریکـــراو دەردەکەوێـــت، هەروەها وەرگرتن و ئیســـتیعاب کردنی سیاســـەت و بەرنامەکانیان لە دوای هەمووانیشـــەوە دەنگپێدانیان لـــە هەڵبژاردندا لە لایەن دەنگدەرانـــەوە، کەواتە ئـــەم پێوەندییە لەنێـــوان دەنگدەران و کاندیدکراواندا دەبێتە دینگەیەکی توندوتۆڵ بۆ هێز و توانای حـــزب، بەڵام ئەم پێوەندییە جێگیـــر نییە، بەڵکو دەجووڵێت و بەردەوام داینەمۆی خۆی هەیە، لێرەوە مەترســـی بۆ پارتی سیاسی دروســـت دەبێت، بۆیە پێویستە پارتەکان بەشێوازێکی وریـــاو زیندووانە لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکانی رۆژانە و ئەو ستراتیجییەتانە بمێننەوە، کە وادەخوازن هەڵوێستی سیاسییان لەسەر دروست بکرێن.

دەرئەنجام پارتە سیاســـییەکان لەبـــەردەم هەڵبژاردنێکی ســـەخت و زەحمەت و قورســـدان، یان ئەوەتا لـــە ئەنجامدا دەبنـــە داینەمۆیـــەك بۆ نوێبوونـــەوە، بەو شـــێوەیە هەر لە ناوەنـــدی سیاســـەتدا کاریگەرییـــان بمێنێتەوە، یـــان ئەوەتا کاریگەرییەتیەکەیان دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی سیاســـەت و بەو شێوەیەش رووبەڕووی دارمان و نوشستی گەورە دەبنەوە.

# ڕژێمی سوریا و ڕاکردن بۆ پێشەوە تورکیا دەیەوێت ئەسەد بە ١٥ ڕۆژ گۆڕانکاری بکات!!



پێشوازی جێگری وەزیری دەرەوەی سوریا (لەبری وەزیری دەرەوەی سوریا) لە دادو ئۆغڵوی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە دیمەشق، نیشانەی ئەوەبوو کە ئەسەد پێیوایە پێویستی بە ئامۆژگاری و بە ئاگا هێنانەوەی کەس نییە، هەروەها ئامادەباشی تێدانییە بەو جۆرە گۆڕانکاری بکات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئومێدی بۆ دەخوازێت، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەك داود ئۆغڵو بە تەلەفون بە هیلاری کلینتۆنی ڕاگەیاندووە، حکومەتی ئەنکەرا پێی باشە دوا مۆڵەت بدرێتە رژێمی ئەسەد، دوا مۆڵەتەکەش بریتییە لە ١٥ ڕۆژ بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا ئەسەد بتوانێت کۆمەڵێك گۆڕانکاری ریشەیی ئەنجام بدات.

بەڵام وەك سۆنەر چاغپاتای لە دوایین وتاری لە سایتی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك بڵاویکردۆتەوە، هەر لەکاتی کۆبوونەوەکەی داود ئۆغڵو لەگەڵ ئەسەد، سوپای سوریا بە تانکەوە هەڵیکوتاوەتە سەر شارۆچکەی بنش و خۆپیشاندانەکانی سەرکوتکردووە، ئەمە مانای ئەوەیە سوریا راشکاوانە بە حکومەتی ئەردۆغانی ڕاگەیاندووە، نە ئامادەیە دەست لە شاڵاوی سەرکوتکاری هەڵبگرێت نە ئامادەشە گۆڕانکاری ریشەیی ئەنجامبدات.

سەبارەت بەم بێ منەتیەی رژێمی ئەسەد بەرامبەر هەوڵەکانی تورکیا و هەڕەشە نێودەوڵەتیەکان بۆ گرتنەبەری ڕێگەیەکی دیکە بۆ ناچارکردنی رژێمی سوریا بۆ دەست هەڵگرتن لەتوندوتیژی و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران، هەندێك لە چاودێران پێیانوایە، رژێمی سوریا و کەسی بەشار ئەسەد تازە دەستی لەبنی هەمانەکە دەرچووە، نەدەتوانێت بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوە نەدەشتوانێت بەشێوەیەکی ئاشتیانە دەسەڵات بەجێ بهێڵێت، بۆیە ئەگەر وەك موبارەك و بن عەلی دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی بێت، ئەوا هەموو شتێك دەدۆڕێنێت، بەڵام ئەگەر لەدەسەڵات بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی توانای هەیە بەرگری لەخۆی دەکات، کەواتە ئەم راستییە تاڵە پێمان



ڕەشەت کەسەب بۆ گوڵان:

**داود ئۆغڵو پەیامێکی بەهێزی داوەتە ئەسەد و داوای لێکردووە بەزوویی دەست بە چاکسازی بکات، بەڵام روون نییە تاچەند رژێمی ئەسەد هەنگاو بۆ ئەم چاکسازییە هەڵدەگرێت**

دەڵێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێجگە لە سەپاندنی سزای ئابووری شتێکی دیکەی لە دەست نایە دژی رژێمی سوریا ئەنجامی بدات، بێگومان سزا ئابوورییەکانیش بێجگە لە سزادانێکی دیکەی گەلی سوریا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شتێکی ئەوتۆ کاریگەری لەسەر رژێمی ئەسەد نابێت.

### هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سنووری سزاکان تێپەڕ ناکات

هەفتەی رابردوو لەسەر راسپاردەی ئەڵمانیا وا بڕیاربوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتوندی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر سوریا ئاشکرا بکات، بەڵام وەك دەرکەوت هەڵوێستی ئاشکرای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بریتییە لە داوایەکەی هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە داوای کردووە هەموو دەوڵەتانی جیهان سزای ئابووری توند بخەنە سەر سوریا و بازرگانی نەوت و گاز لەسوریا رابگرن، سەبارەت بەم هەڵوێستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر سوریا پرسیارمان لە پرۆفیسۆر رەشەت کەسەب ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی واشنتۆن کردو لەمبارەوە پرۆفیسۆر رەشەت بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی:

(بوونی هەڵوێستی هاوبەش لە ئاست کێشە نێودەوڵەتیەکان، بە چەشنی کێشەی سوریا زۆر گرنگە، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی هاوبەشی نەبێت، ئەوا بڕیارێکی جددی دەرناچێت، لەم چوارچێوەیەدا پێموایە زۆر زۆر گرنگە، بە تایبەتی کە مەسەلەی ئەم بارودۆخە گەیشتووتە لایەنە نێودەوڵەتیە جیاوازەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، پێموایە زۆر گرنگە هێزە گەورەکان هەڵوێستی یەکگرتوویان هەبێت و بەڕاستی پێکەوە کاربکەن، باوەڕم وایە ئەمە تا دوا ئەندازە گرنگە و بۆ ڕوسیاش زۆر گرنگە، سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیاش، ئەوە ڕوونە کە داود ئۆغڵو پەیامێکی بەهێز دەداتە سوریا لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ ئەوەی وا لە ئەسەد بکات هەڵبستێت بە ئەنجامدانی هەندێ چاکسازی. ڕوون نییە بۆ من تا چ ڕاددەیەك ڕژێمەکەی ئەسەد یەکگرتووە، ڕەنگە هەندێ گروپی سەرسەخت هەبن و ڕەنگە گروپی دیکەش هەبن زیاتر ئامادەبن بۆ گەیشتن بە چارەسەری مامناوەند، کەواتە ئەمە بارودۆخێکی بەڕاستی هەستیارە کە ڕوونە داود ئۆغڵو چووە سوریا و گفتوگۆیەکی دوورودرێژی لەگەڵ بەشار ئەسەد و ئەندامانی حکومەتەکەی ئەنجامدا.

پێموایە کاتی دەوێت بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیە ببینین کە تەنیا ڕۆژێك پێش ئێستا ئەنجامدراوە، بەڵام پێموانییە لە ئێستادا هیچ وڵاتێك یان لایەنێك بتوانێت بارودۆخی سیاسی لە سوریا کۆنتڕۆڵ بکات، بەڵام لەنێو هەموو وڵاتاندا تورکیا لە پێگەیەکی باشتردایە بۆ ئەوەی هەندێ ئومێدمان هەبێت بەوەی نەك کۆنتڕۆڵی -بارودۆخە سیاسییەکە- بکات، بەڵکو بتوانێت کاریگەر بێت. تا ڕاددەیەك

ویستی باش هەیە لەنێوان هەردوو لادا، لەم ڕوانگەیەوە گرنگە تورکیا بتوانێت ئەم پێوەندیە بپارێزێت لەگەڵ سوریا. لەم لایەنەوە پێموایە (تورکیا) هەمان هەڵوێستی ئەمریکای نییە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا باسی لەوە کردووە هەوڵی ئامادەکاری دەدات بۆ بارودۆخی دوای نەمانی ئەسەد لە سوریا، بەڵام گەیشتن بە قۆناغی دوای ڕژێمی ئەسەد کارێکی ئاسان نییە).

کەواتە ئەوەی پرۆ فیسۆر کەسەب ئاماژەی پێکرد تەنیا ڕێگە ئەوەیە پەنابیرێتە بەر سەپاندنی سزا نێو دەوڵەتیەکان، سەبارەت بە کاریگەری ئەم سزایانە یان هۆکاری پەنابردن بۆ ئەم سزایانە، پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر عەلەم پایند ئوستادی زانستی سیاسەت و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆهایۆ کرد و لەوەڵامی پرسیارەکەدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگەچارەی کەمی لەبەردەمدایە، یەکێك لە ڕێگەچارەکان بریتییە لە سزادان، ئەویش سزادانی ئابووری دەبێت، واتە ڕێگە بە هاتنی چەك و هەر شتێکی دیکە نەدرێت کە دەبێتە مایەی فشارخستنەسەر حکومەتی سوریا. شتێکی دیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت بیکات ئەوەیە دەوڵەتە دراوسێکان سنوورەکان قایمتر بکەن، ئەمەش بەشێکی دیکەیە لە سزای ئابووری. شتێکی دیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەی ئەنجامی دەدات تۆمارکردنی بێزاری و نارەزاییەتی خۆیەتی لە ئاست ئەو کوشتارەی لە چەند شارێکی سوریا ڕوودەدات، وەك ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ پێش ئێستا لە حەمما ڕوویدا. کە بە هەزاران خەڵك کوژار و بە هەزارانیش دەستگیرکران و زیندانیکران. کە تا ئێستا نزیکەی ٢٠ هەزار کەس دەستگیرکراون و نزیکەی ٢ و بۆ ٢ هەزار و ٥٠٠ کەس کوژراون، ڕەنگە بە سەدان و بە هەزاران برینداریش هەبن. کەواتە ئەمە ڕوودەدات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتە ئیقلیمیەکان زۆر نیگەرانن لە ئاست ئەو بەرەوپێشچوونانەی لە سوریا



عەلەم پایند بۆ گوڵان:

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگەچارەی کەمی لەبەردەمدایە، یەکێک لە ڕێگەچارەکان بریتییە لە سزادان، ئەویش سزادانی ئابووری دەبێت**

ڕوودەدەن، سوریا وڵاتێکی بچووك نییە و دانیشتوانەکەی نزیکەی ١٩ ملیۆن دەبن و ئەندامی جامیعەی عەرەبییە، لەبەر ئەوە نەك هەر بۆ وڵاتە دراوسێکانی کاریگەری هەیە، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئاکامی خۆی دەبێت. سەبارەت بە کاریگەری ئەم سزایانەیش لەسەرخەڵکی ئاسایی من پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یارمەتییە مرۆییەکان نابڕن، ئەمە کێشەکەیە، لەبەر ئەوەی زۆرجار کە سزای ئابووری دەسەپێنرێت، حکومەت و نوخبەی ناو حکومەت ڕزگاریان دەبێت و خەڵکە ئاساییەکە گرفتار دەبێت. ئەمە ڕاستە، بەڵام ڕەنگە ئەمە فشارێك بێت کە ڕەنگە سەرکەوتوویێت، لەبەر ئەوەی حکومەتی سوریا پێویستی بە پارەیە، پێویستی بە تەواوکردنی پرۆژەکانی و هێشتنەوەی سەربازەکانیەتی. پێشبینی دەکەین ئەم جۆرە سزایانە گورز لە حکومەت بدات نەك لە خەڵك، بەڵام ئەمە کارێکی زەحمەتە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دووچاری زەحمەتی بۆتەوە لەگەڵیدا، هەر ئەمەش بوو لە سەرەتادا باسم کرد کە ڕێگەچارەی کەمیان لەبەردەمدایە. ڕێگەچارەیەکی دیکە بریتییە لەوەی لە ئاست لیبیا، لە ئاست قەزافیدا گرتیانەبەر کە وڵاتانی ناتۆ و وڵاتانی دیکە، یاخود هاوپەیمانێتیەك لە وڵاتان و هێزەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان فشارێکی سەربازیان کرد، پێموانیە ئەمە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا سەرکەوتوو بێت. ڕەنگە ئەگەر بارودۆخەکە بەردەوام بێت ڕای گشتی جیهانی دژی ڕژێمی ئێستا بگۆڕێت)).

### دەوڵەتانی عەرەبی هەڵوێستێکی یەکگرتوویان نییە

بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی نێودەوڵەتی، هەڵوێستی ئیقلیمی و دەوڵەتانی دراوسێ و دەوڵەتانی جیهانی عەرەبی گرنگە، بەم حاڵەتەی سوریادا و بەو سیفەتەی سوریا ئەندامی ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبییە هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی گرنگە، ڕاستە هەفتەی ڕابردوو عەرەبستانی سعودی بەتوندی سوریای ئاگادارکردەوە توندوتیژی دژی خۆپیشاندەران ڕابگرێت، بەڵام هەڵوێستی کۆمکاری عەرەبی و دەوڵەتانی عەرەبی ئاشکراو ڕوون نییە، لەمبارەوەیە سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر مارك تیسلەر ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی میشیگان کرد و لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (وڵاتانی عەرەبی نەك تەنیا لەسەر مەسەلەی سوریا، بەڵکو لەزۆر مەسەلەی دیکەشدا هەڵوێستی هاوبەش و یەکگرتوویان نەبووە، هەر وڵاتێکی عەرەبی بەرژەوەندی خۆی هەیە، وڵاتانی کەنداو هەندێ بەرژەوەندیان هەیە، ئەو وڵاتانەی زۆر نزیك لە سوریاوە، وەك لوبنان و ڕەنگە ئەردەن و فەلەستینیەکان هەڵوێستی خۆیان هەیە. پێموایە وڵاتانێکی عەرەبی زیاتر دەبینین کە باڵیۆزەکانی خۆیان بانگبکەنەوە و بەیاننامەی بەهێز بڵاوبکەنەوە، ڕەنگە هەموویان ئەم کارە

نەکەن، بەڵام ژمارەیەکی زیاتریان دەست بەمە دەکەن، بەڵام سەبارەت بەتورکیا من پێموایە تورکیا لە باشترین پێگەدایە بۆ ئەوەی کارێك بکات کە سنووری هاوبەشیان هەیە، وەزیری دەرەوەی تورکیا چووە سوریا بۆ ئەوەی پەیامێك بە ئەسەد بگەیەنێت، تورکیا لە پێگەیەکی زۆر هەستیاردایە. بازرگانیەکی زۆر هەیە کە تورکیا شەریك بووە تێیدا و مەسەلەی سەرچاوەکانی ئاو و هەندێ ڕاپۆرت هەن باس لەوە دەکەن تورکیا سوپا دەنێرێت بۆ ناو سنوور بۆ ئەوەی ناوچەیەك بۆ ئاوارەکان دروست بکات، من نازانم تا چەند تورکیا ئامادەیە بۆ ئەم کارە، بەڵام ئەوەی روونە کە زۆر نیگەرانە لەم بارەیەوە کە ئاوارەکان ڕاستەوخۆ دێنە تورکیاوە. کەواتە ئەوان لە باشترین پێگەدان بۆ ئەوەی شتێك بکەن، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کە چی دەکەن، لەبەر ئەوەی بەشێکی گرنگی مەسەلەکەن. سەبارەت بە ئیسرائیل کە ئەویش دراوسێیەکی نزیکی سوریایە، پێموایە بۆ ئیسرائیل باشترە بێدەنگ بێت، چونکە ئەگەر هەوڵبدات شتێك بکات، ئەوا تەنیا یارمەتی ئەسەد دەدات و وا دەکات خەڵکی پشتیوانی لێبکەن، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئەڵێن ئەگەر ئیسرائیل دژی تۆ بێت، ئەوا ڕەنگە پێویست بکات ئێمە یارمەتیت بدەین لە دژی ئیسرائیل، ئەمە شتێکی زۆر خراپە، بەڵام پێموایە شتێکی باشە بۆ ئیسرائیل. حزبوڵا لە لوبنان بێدەنگە و شتێکی زۆر ناڵێت و پێموایە ئەمە دەیخاتە پێگەیەکی دژوارەوە، لەبەر ئەوەی بانگەشەی ئەوەیان کردووە هەمیشە ئەوان داکۆکی لە خەڵکی ئاسایی دەکەن. وەڵامێکی باش لە ئارادانییە بە نیسبەت ئێرانەوە، لەبەر ئەوەی کاتێك خەڵکی خۆپیشاندانیان کرد حکومەت هێرشی دژی خەڵکەکەی خۆی کرد، نەماندەتوانی شتێکی کۆنکرێتی لەم بارەیەوە بکەین، کەواتە ئەمە دۆخێکی دژوارە و من نامەوێت وا پیشان بدەم کە وەڵامی ئاسان هەیە، منیش هەست بەبوونی دابەشبوون لەنێو سوپا و خەڵکانی ئاست بڵند لە حکومەتدا دەکەم کە دەستیان بە گومان کردووە، ڕەنگە فشار



مارک تیسلەر بۆ گوڵان:

## دەوڵەتانی عەرەبی نەک لەسەر مەسەلەی سوریا لەسەر زۆر مەسەلەی دیکەش هەڵوێستی هاوبەش و یەکگرتوویان نییە و هەر وڵاتێکی عەرەبی حسابی تایبەتی خۆی هەیە

بیبێتەهۆی دروستبوونی گۆڕانکاری یان دابەشبوون بخوڵقێنێت لە ناو ڕژێمەکەدا، بەڵام زەحمەتە ئەمە یەکلابکەینەوە. ئێمە هەمان ئومێدمان هەبوو لە لیبیا، کە ئەمە تا ڕادەیەك لە لیبیا ڕوویدا، بەڵام بەو شێوەیە نەبوو کە جیاوازی تەواو دروست بکات. ئێستاش ئێمە ئەوەتاین لەم دۆخەدا. ئێمە پێویستیمان بە یارمەتی زیاتری وڵاتە عەرەبیەکانە و ئومێدی ئێمە ئەوەیە کە سوریا کاری عەمەلی بکات، نەك تەنیا کارەکان لە خیتابدا کورت بێتەوە)).

هەر سەبارەت بەهەمان لایەن و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر عەلەم پایەند دەربارەی هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: ((هەموومان دەزانین وڵاتە عەرەبیەکان گروپێکی یەکگرتوو نین، بەڵکو زۆر دابەشبوونە لەنێو خۆیاندا، بەڵام سعودیە، مەلیك عەبدوڵا هەنگاوێکی پتەوی هەڵگرت کە داوای لە حکومەتی سوریا کرد فشاری سەر خەڵك کەم بکاتەوە و کوشتار کەم بکاتەوە. وڵاتێکی دیکە، تورکیایە، کە هەڵوێستێکی بەهێزی گرتەبەر. ئەوەی ئێوە دەیڵێن تەواو ڕاستە، وڵاتانی دیکە، وەك لوبنان کە دراوسێی سوریایە، عێراق و ئیمارات و قەتەر و کوەیت کە ئەندامی جامیعەی عەرەبین ترسیان هەیە و نایانەوێت دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتێکی دیکەدا بکەن، ئەم وڵاتانە دەترسن کە مەلیك یان شێخ وڵاتەکە بەڕێوەدەبات، ئەوەی ئێوە دەیڵێن تەواو دروستە، دەبوو وڵاتە عەرەبیەکان لە سەرەتاوە هەڵوێستێکی بەهێزیان بگرتایەتەبەر و ئەو وڵاتەی تا ڕادەیەك هەڵوێستێکی بەهێزی گرتەبەر بریتییە لە عەرەبستانی سعودی. سەبارەت بە تورکیاش کە دەوڵەتێکی غەیرە عەرەبی و دراوسێی سوریایە، من پێموایە تورکیا دەوڵەتێکە ناتوانێت کۆنترۆڵی (بارودۆخەکە) بکات، بەڵام ئێستا بە سەدان هاووڵاتی سوری سنووریان بڕیوە و چوونەتە ناو تورکیاوە، کەمپی ئاوارەکان هەیە لە تورکیا، ئەگەر ئەم ژمارەیە زیاد بکات، ئەوا تورکیا دەبێت هەڵوێستێکی بەهێزی هەبێت، لەبەر ئەوەی هیچ وڵاتێك نایەوێت ئاوارەی وڵاتێکی دراوسێ بێتە خاکەکەیەوە، تورکیا بەدەست ئەمەوە گرفتارە. هەروەها کێشەیەکی دیکە هەیە تورکیا بەدەست یاخیبوونی کوردەکانی ناو تورکیاوە گرفتارە، وەك پەکەکە و ئەوانی دیکە، لەبەر ئەوە ڕەنگە ئەوە هۆکارێکی دیکە بێت کە نایانەوێت حکومەتی سوریا بەڕاستی و بە شێوەیەك لە شێوەکان پشتیوانی هەندێ لەو کوردانەی سوریا بکات بۆ ئەوەی هەندێ دژواری بۆ تورکیا بخوڵقێنن. تورکیاش زۆر هەستیارە لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا، چ لە ئاست کوردی عێراقدا بێت، یان کوردەکانی سوریا. هەموو دەوڵەتە دراوسێکان کە دانیشتوانی کوردیان هەیە، وەك ئێران لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا هەستیارن. کە نایانەوێت گرژی زیاتر دروست بێت)).

پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام کە ئێستا ئوستادی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری سەنتەری میر و میریام ئیزریە بۆ دیراساتی ئێران و دەوڵەتانی کەنداو لەزانکۆی حەیفا، یەکێکە لە تایبەتمەندە دیارەکان لەسەر حزبی بەعس بە هەردوو باڵی عێراقی و سوریاوە، ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە کار لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکات و لە ئیدارەی کلینتۆن و جۆرج دەبلیو بوشیش یەکێك بووە لەو راوێژکارانەی لەسەر پرسی عێراق راوێژی پێکراوە، پرۆفیسۆر بارام پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ یەکێك لە گەورە تۆژەرانی ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز و سەنتەری سابان لەناو ئامۆژگای برۆکینگز بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی عێراق و چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی ئازادی عێراق بووە، لەمبارەوە راوێژیان پێشکەشی ئیدارەی ئەمریکی کردووە.

سەبارەت بە کاری ئێستاشی کە دیراسەتە لەسەر ئێران و دەوڵەتانی کەنداو، بێگومان سوریا جیا لەوەی وڵاتێکە وەك هاوپەیمانی ئێران لە قەڵەمدەدرێت، لەهەمانکاتدا، بۆ ئیسرائیل سوریا ئەو وڵاتەیە کە تائێستا بە فەرمی شەڕ لە نێوانیان کۆتایی نەهاتووە، بۆیە بێجگە لەوەی کە حزبی بەعس لە سوریا فەرمانڕەوایە و پرۆفیسۆر بارام تایبەتمەندە لەسەری، لەلایەکی دیکە لەبەر ئەوەی سوریا یەکێکە لەو دەوڵەتانە تا ئێستا بەفەرمی لەگەڵ ئیسرائیل لەشەڕدایە، بۆیە لەم لایەنەشەوە سوریا جێگەی بایەخ و تایبەتمەندی پرۆفیسۆر بارامە، بۆ قسەکردن لەسەر باری ئێستای سوریا و مەزندەکان بۆ ئایندە و هەڵوێستی دەوڵەتانی دراوسێی و ئایندەی سوریا، پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



## ئەمازیا بارام پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر حزبی بەعس بۆ (گوڵان):

# لەگەڵ ئەوەی سەردانەکەی داودئۆغلۆ بۆ لای ئەسەد لە هەڵوێستی ئۆباما بەرامبەر سوریا گرنگترە، بەڵام سەرکەوتنی هەوڵەکانی ئۆغلۆ لە ٢٥٪ زیاتر نییە



*** بەم دواییە پێشبینی ئەوە دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێداچوونەوە بۆ بارودۆخی سوریا بکات و بڕیاری گونجاو دەربکات، بۆ ئەوەی ڕژێمی سوریا ناچار بکەن کە سەرکوتکاری خەڵکە مەدەنیەکە ڕابگرێت، بەڵام هەروەك دەبینین سوریا بەردەوامی بە توندوتیژی دەدات، ئاستی توندوتیژیی لە بەرزبوونەوەدایە، پرسیارەکە ئەوەیە پێشبینی چ جۆر بڕیارێك دەکرێت کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە دەربکرێت بۆ وەستاندنی ئەو خوێنڕێژییەی لە سوریادا هەیە؟**

- پێش هەموو شتێك دەتوانین بڵێین دەستێوەردانی تورکیا یارمەتیدەر دەبێت، تورکیا زۆر گرنگە بۆ سوریا، لە ڕاستیدا تورکیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش بۆ سوریا گرنگترە، کەواتە سەردانەکەی داود ئۆغلو بۆ سوریا زۆر کاریگەرترە لە هەر لێدوانێکی ئۆباما. لەم ڕوانگەیەوە من دەڵێم با هێشتا ئۆمێدی ئەوە بکەین کە شتێك ڕوودەدات، بەڵام من لە سەدا ٢٠ بۆ ٢٥ ئەگەری سەرکەوتنی بۆ دادەنێم، کە لە سەدا ٧٥ یان ڕێژەیەکی لەو شێوەیە دەمێنێتەوە کە تەنانەت سەردانەکەی داود ئۆغلوش شتێکی زۆر لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. حەزدەکەم پێت بڵێم بۆچی من بەم شێوەیە بیر دەکەمەوە؟ ئێوە زۆر باش حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیتان لە عێراق ناسیوە، مەبەستم لە سەردەمی سەددام حوسێنە، من دڵنیام زۆر باش مێژووەکەی دەزانن. پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئایا مەزندەی ئەوەتان دەکرد حزبی بەعس لە سایەی سەددامدا سازشی بۆ شیعەکان یان بۆ کوردەکان بکردایە؟ بێگومان مەبەستم لە چارەسەری ڕاستەقینەیە، نەك وەك ڕێککەوتنی ١٩٧٠ی نێوان مەلا مستەفای بارزانی و سەددام حوسێن کەدوایی لێی پەشیمان بووەوە، لەبەر ئەوە من پێموانییە حزبی بەعسی سوریاش هیچ سازشێك بکات، بۆیە ئەمە ڕوونادات، هەر لەبەر ئەوەشە

**ئێوە زۆر باش حزبی بەعسی عێراق دەناسن، چۆن حزبی بەعسی عێراق ئامادەی چارەسەری ئاشتیانەی ڕاستەقینە نەبوو، بەهەمان شێوە حزبی بەعسی سوریاش ئامادەنییە**

من ئەمە دەڵێم، تەنانەت ئەگەرچی حزبی بەعس لە سوریا بە چەشنی حزبی بەعسی عێراق بەهێز نییە، ئەوا دەکرێت سازش بکەن، بەڵام ئەمە نزیکە لە مەحاڵەوە، هەر بۆیە دەڵێم ڕێژەی سەرکەوتن لە سەدا ٢٥ە، بە دڵنیاییەوە ئەگەری سازشی ڕەمزی هەیە، کە بە ڕواڵەت لە بە دیموکراتیکردن بچێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە سازشێکی ساختە دەبێت یاخود بریتیی دەبێت لە فریودان، ئەمە ئەگەری هەیە، بەڵام سازشی ڕاستەقینە جگە لە ڕێژەی ٢٠ بۆ ٢٥ لەسەدا سەرکەوتنی زیاتری نییە. بەو شێوەیەی من مەسەلەکان دەبینم ئەگەر سازش نەکرێت، ئەوا دەبێت تورکیا و ڕۆژئاوا، مەبەستم لە ڕۆژئاوا ئەوروپا و ئەمریکایە، هەروەها وڵاتە عەرەبییەکان، تەنانەت سعودیە و ئوردن و تەنانەت عێراقیش سیاسەتی خۆیان بگۆڕن، بۆ نموونە تۆ دەتوانیت سنوورەکان دابخەیت، هەموو باڵیۆزەکان بکشێنیتەوە، هەموو لایەك، ئەمریکا و ئەوروپا و عەربەکان دەتوانن پارە و پولی ئەسەد بلۆك بکەن، حساباتی بانکی بەرپرسە سوریەکان بلۆك بکەن لە بانقەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و تەنانەت ڕەنگە لە عەممان و سعودیەش کە دڵنیانیم لەوەی چەندیان هەیە لە سعودیە، بەلای کەمەوە ئەو زۆر زۆر کاریگەر دەبێت، دواتر دەکرێت ئابڵوقەیەکی نێودەوڵەتی بسەپێنیت. ئەوە ڕاستە ڕوسی و چینیەکان نایانەوێت کارێکی لەم چەشنە بکەن، بەڵام ئەم ئابڵوقەیە بە چەشنی ئەو ئابلوقەیە دەبێت کەبەسەر سەددام حوسێندا لەنێوان ١٩٩٠ و ٢٠٠٣دا سەپێنرا، دەکرێت ئەمە بکرێت و دەتوانن ئەمە بکەن، بەڵام ئایا ئەم کارە دەکەن، من نازانم، بەڵام ئەگەر من لە جێی ئۆباما بومایە و من ڕاوێژم پێشکەش بە ئۆباما یان ئەنجێلا مێرکل لە ئەڵمانیا یان سارکوزی لە فەڕەنسا بکردایە، ئەوا پێشنیارم دەکرد ئەم کارە بکەن، بۆ ئەوەی هەمان ئەو کارە نەکەن کە دژی قەزافی لە لیبیا کردیان.

قۆناغی دووەم، یان هەنگاوی دووەم بریتی دەبێت لەوەی ئەو پارەیە بخرێتە

بەردەستی موعارەزە لە سوریا، بەڵام ئێمە نازانین ئەوان کێن، کەواتە ئەمە بە چەشنی ئەوەی لیبیـــا هەیە کارێکـــی زۆر قورس دەبێت و کات دەخایەنێت و دەبێت تۆ بزانیت کێ لە موعارەزەدایـــە، چ موعارەزەیەکە، ئایا دیموکراتین؟ ئایا دەتوانرێت قەســـەیان لەگەڵدا بکرێت؟، ئەمە کاتی دەوێت، بەڵام دەتوانیـــت لە کۆتاییدا ئـــەم پارەیە بخەیتە بەردەســـتی بزووتنەوەی موعـــارەزە، ئەمە دەسەڵاتێکی زۆریان پێدەدات. تاکە شتێك کە پێموایـــە بیرۆکەیەکی باش نییە، بریتییە لە دەستێوەردانی سەربازی، پێموایە نەدەبو ئەم کارە لە لیبیاش بکەن و نابێت لە سوریاشدا

**ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر لیبیا کردی ناتوانێت بەرامبەر سوریا دووبارەی بکاتەوە، دووبارەشی بکاتەوە قازانج ناکات**

بیکەن، ئەمە مەســـەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە و لە ســـوریا ئاڵۆزتریش دەبێت، ڕەنگە بتوانین بڵێیـــن بەڵی با ئەم کارە لـــە لیبیا بکەین، بـــەڵام من دژی ئەوەم ئەم کارە لە ســـوریا ئەنجـــام بدرێت. جگە لـــەوە دەکرێت کاری دیکە ئەنجام بدرێت، لە نێویاندا ســـەپاندنی ئابلوقەیەکی زۆر جـــددی، تەنانەت ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگـــەی پێنەدا، دەکرێت بـــە ڕێککەوتنی هەمـــوو لایەك ئـــەم کارە بکرێت، جگە لە ڕوسیا و چین، باشـــە با ئەمانە بەشداری نەکەن. ئەمە ئەو کارانەیە کە دەکرێت ئەنجام بدرێن کەواتە ڕێگەچارەگەلێکی زۆر هەن.

*** چاودێران باس لە گۆڕانی هەڵوێستی تورکیا دەکەن لە ئاســـت سوریادا، کە ئێستا هەڵوێستی ئەنقەرە و واشنتۆن لەیەك نزیکە و دوێنێـــش وەزیـــری دەرەوە داود ئۆغلۆ بۆ ماوەی شەش سەعات کۆبوونەوەی لەگەڵ بەشار ئەسەددا کرد، پرســـیارەکە ئەوەیە تا چەند توریکا دەتوانێت کۆنتڕۆڵی بارودۆخی سیاسی سوریا بکات؟ لەبەر ئەوەی پەیامی تورکیا بۆ ســـوریا ئەوەبوو تورکیا خەریکە ئارامگرتنی نامێنێت لە ئاست توندوتیژی و خوێنڕێژی سوریادا؟**

- ســـێ هـــۆکاری جیـــاواز هـــەن وا دەکـــەن تورکیـــا ئەوەندە نیگـــەران بێت لە ئاســـت ســـوریادا. یەکەمیان ئەوەیە ئەگەر بارودۆخەکە بەم شـــێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا تورکیا ترســـی لەوە هەیە ژمارەی ئاوارەکان بگاتە ملیۆنێك نەك چەند هەزار کەســـێك وەك ئەوەی ئێســـتا هەیە، واتە تورکیا زۆر نیگەرانە لە کێشـــەی ئاوارەکانی ســـوریا. هۆکاری دووەم ئەوەیە حکومەتی تورکیا بە AKP و پارتە پشـــتیوانەکانی لە تورکیا بەو شێوەیە سەیری ڕژێمەکەی ئەسەد دەکەن کە ڕژێمێکی عەلمانیـــە و بیرخەرەوەیە بۆ ڕژێمەکەی کەمال ئەتاتورك، کە ئەوان ڕقیان لێیەتی، هەروەها ئەفســـەرەکانی ســـوپای سوریا، سوپای خۆیان بیر دەهێنێتەوە، بۆیە پێیانوایە باشترە ڕژێمەکە بگۆڕن. هۆکاری سێیەم، ئەوەیە زۆرینەی دانیشتوانی تورکیا سوننەن، زۆرینەی پشتیوانەکانی ئەردۆغان سوننەی ئیســـلامین و بەو شێوەیە سەیری ســـوریا دەکەن کە ڕژێمێکی سوننە نییە و تەنانەت شیعەش نییە-چونکە عەلەوییەکان شـــیعە نین، بەڵکو لقێکن لە شـــیعە-واتە وا ســـەیری دەکەن ڕژێمەکە ســـوننی نییە، ئیسلامی نییە و سەربازیە کە هەڵدەستێت بە ســـەرکوتکردنی زۆرینەیەکی سوننی کە لە هەمان کاتدا ئیسلامین، ئەمە مایەی گرفتە بۆ ئەوان و ئەمە ئەوەیە کە ئەوان نیگەرانن لەبارەیەوە، لەبەر ئەوە هەســـت دەکەن دەبێت شـــتێکی لەبارەوە بکەن، هۆکارەکە بۆ من زۆر روونە، پرســـیارەکە ئەوەیە دەتوانن چی بکەن؟ من پێت دەڵێـــم دەتوانن چی بکەن، دەتوانن هەمو بازرگانیەك بۆ سوریا ڕابگرن، دەتوانـــن هەموو پارە و پولێکی ســـوری لە ئەنقەرە و ئەســـتەنبۆل بلۆك بکەن، ئەسەد هەندێ لە پـــارە و پولەکانی لە بانقەکانی ئەنقەرە و ئەستەنبۆل داناوە، دەتوانن سنوور دابخەن تەنیا بۆ هاتنە ناوەوەی ئاوارەی زیاتر نەبێت، بەڵام هەموو پێوەندی و گفتوگۆیەك بپچڕێنن، هیچ ســـەردانێکی دیپلۆماســـی نەکرێت و هیچ سیاســـی و دیپلۆماسیەکی ســـوریا نەچێتە ئەنقـــەرە، تەنیـــا لایەنی ئابووری و دیپلۆماســـی زۆر زۆر گرنگن. ئایا شـــتێکی دیکە هەیـــە بتوانن بیکەن، من دڵنیانیـــم لەبەرئەوەی دەســـتێوەردانی ســـەربازی یەکێك نییە لـــە ڕێگەچارەکان، دەستێوەردانی سەربازی تورکی لە سوریادا ڕوونـــادات، چونکە ئەمـــە زۆر ئاڵۆزە لە ڕووی سیاسییەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم کارە بکـــەن، ئەوا تەواوی وڵاتە عەرەبیەکان




**ئەگەر من ڕاوێژکاری ئۆباما یان ئەنگیلا مێرکل بوومایە، پێشنیارم دەکرد سزایەکی توند لەسەر سوریا بسەپێنن، بۆ ئەوەی لە لیبیا کردیان لە سوریا دووبارە نەبێتەوە**



تــوره ده‌بـــن و ڕای ده‌گه‌یه‌نن چۆن ده‌بێت توركیا وڵاتێكـــی عه‌ره‌بـــی داگیربكات، ئه‌مه گه‌ڕانه‌وه‌یه ئیمپراتۆریه‌تی عوسمانی، بۆ ســـه‌رده‌می عه‌بدولحه‌مید ئه‌ل سامی، گه‌ڕانه‌وه بۆ خه‌لیفه توركیه‌كان، له‌به‌ر ئه‌وه ده‌ڵێن زۆر ســـوپاس ئێمـــه ئه‌مه‌مان ناوێت. كه‌واته ده‌ستێوه‌ردانی ســـه‌ربازی مومكین نییـــه، بـــه‌ڵام موقاته‌عه‌ی ئابـــووری و دیپلۆماسی به دڵنیاییه‌وه مومكینه. ئه‌گه‌ر توركیـــا بچێته پاڵ ئه‌ورووپـــا و ئه‌مریكا و هه‌ندێ له وڵاته عه‌ره‌بیه‌كان، هه‌ندێ وڵات نـــه‌ك هه‌موویان، بۆ ئـــه‌وه‌ی ئابلۆقه‌یه‌كی ئابـــووری به‌بێ نه‌تـــه‌وه یه‌كگرتووه‌كان، له ده‌ره‌وه‌ی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان بسه‌پێنن، ئه‌وا ئه‌مه زۆر كاریگه‌ر ده‌بێت، ئه‌مه فشارێكی زۆر ڕاسته‌قینه ده‌بێت.

*** هه‌ندێ له وڵاته عه‌ره‌بییه‌كان باڵیۆزیان بانگكردۆتـــه‌وه، بـــه‌ڵام وڵاتانـــی دیكه‌ی عه‌ره‌بی ئـــه‌م هه‌ڵوێســـته‌یان وه‌رنه‌گرتووه،**

**ده‌بێت كوردی سوریا شێوه‌یه‌ك له ئۆتۆنومیان پێبدرێت و بوار بدرێت گه‌شه به‌زمان و كه‌لتوری كوردی بدرێت و مافی هاوڵاتیبوونیان بۆ ده‌سته‌به‌ر بكرێت**

**پرســـیاره‌كه ئه‌وه‌یه بۆچی وڵاته عه‌ره‌بییه‌كان هه‌ڵوێســـتێكی یه‌كگرتوویان نییه له ئاست ســـوریادا، چونكه تاوه‌كو ئـــه‌م كاره نه‌كه‌ن، ئه‌وا ناتوانن ئه‌و خوێنڕێژییه‌ی له ســـوریادا هه‌یه بیوه‌ستێنن؟**

- تێڕوانینی من ئه‌وه‌یه كۆمكاری عه‌ره‌بی هیچ ســـوودێكی نییه و ڕێكخراوێكی بێ كه‌ڵكه، من بیرتان ده‌خه‌مه‌وه، كاتێك سه‌ددام لـــه ســـاڵی ١٩٩٠دا كوه‌یتـــی داگیركرد، ته‌نانـــه‌ت ئه‌و كاته‌ش كۆمـــكاری عه‌ره‌بی هه‌ڵوێســـتێكی یه‌كگرتـــووی نه‌بـــوو، هه‌ر وڵاتێكی عه‌ره‌بی حســـاباتی خۆی هه‌بوو، هه‌ندێ جار پشـــتیوانیه‌كی زیاتر هه‌بوو بۆ سیاسه‌ته‌كه‌ی و هه‌ندێ جار كه‌متر. ئێستا ته‌نانه‌ت له ئاســـت لیبیاشـــدا هه‌ڵوێستی تێكرای وڵاته عه‌ره‌بیه‌كان یه‌كگرتوو نییه، به دڵنیاییه‌وه له ئاست سوریاشدا یه‌كگرتوو نییه، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هێشـــتا بڕیارێك هه‌بێت كه له‌لایه‌ن زۆرینه‌وه ده‌ربكرێت له كۆمكاری عه‌ره‌بیدا، ئه‌وا بڕیاری زۆرینه خراپ نییه، ڕه‌نگه ئه‌وه مومكین بێـــت، به‌ڵام ته‌نانه‌ت هه‌ڵوێســـتی زۆرینه‌ش هێزێكی زۆر نییه، له‌بـــه‌ر ئه‌وه ده‌بێت هـــه‌ر وڵاتێكی عه‌ره‌بی خۆی بڕیار بدات، ئایا دژی ئه‌ســـه‌ده یان له‌گه‌ڵ ئه‌ســـه‌ده. هه‌ر وڵاتێكیش حساباتی خـــۆی هه‌یه. با ئه‌مه بڵێیـــن، ئه‌گه‌ر من له جێی پاشـــای ســـعودیه بومایه، دژی ئه‌و كارانه‌م ده‌بووم كه ئه‌ســـه‌د ده‌یانكات،، ئه‌گه‌ر من مه‌لیكی ئـــه‌ردن بومایه، ئه‌وا به دڵنیاییه‌وه مـــن دژی ئه‌و كارانه ده‌بووم كه ئه‌سه‌د ده‌یانكات له سوریادا، به‌ڵام ترسم له‌وه‌ش هه‌یه هه‌مان شت له وڵاته‌كه‌ی مندا دووباره ببێتـــه‌وه و ناچاربم هێز بەكاربهێنم. له‌وه‌ش زیاتر ده‌ڵێـــم، ئه‌گه‌ر من حكومه‌تی سه‌ربازی بومایه له میسر و دژی كاره‌كانی ئه‌ســـه‌د ده‌بووم. كه‌واتـــه هه‌موو وڵاتێكی عه‌ره‌بی، هه‌موو ڕژێمێكی عه‌ره‌بی ترسیان هه‌یه، وابیـــر ده‌كه‌نه‌وه ڕه‌نگه پێویســـتمان به‌به‌كارهێنانی هێـــز هه‌بێت، لێره‌وه ده‌توانین له‌وه تێبگه‌ین بۆچی به‌هه‌موو ئه‌و شـــتانه‌ی هه‌یانه ڕووبه‌ڕووی سوریا نابنه‌وه. هه‌ندێكیان ئـــه‌م كاره ده‌كـــه‌ن كه پێموایـــه كاریگه‌ری هه‌یه.

**وڵاتانی عه‌ره‌بی ته‌نانه‌ت له ئاست لیبیاشدا هه‌ڵوێستێكی یه‌كگرتوویان نییه. به دڵنیاییه‌وه له ئاست سوریاشدا هه‌ڵوێستی یه‌كگرتوویان نییه**

*** ئێمـــه ده‌زانین كه بوونی هه‌ڵوێســـتی هاوبه‌ش له ئاســـت كێشـــه و گرفتێكدا، به چه‌شنی كێشه‌ی ســـوریا زۆر گرنگه، كه ئه‌گه‌ر كۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تی هه‌ڵوێستی هاوبه‌شـــی نه‌بێت، ئـــه‌وا بڕیارێكی جدی ده‌رناچێت، بۆ نموونه بێ پشتگیری ڕوسیا، كه ســـه‌رۆكی ڕوسیاش ســـوریای ئاگادار كـــردوه، كه ئه‌گه‌ر خوێنڕێژی و كوشـــتار ڕانه‌وه‌ستێنێت، ئه‌وا ئه‌نجامێكی زۆر خراپ چاوه‌ڕێی ڕژێمی سوریا ده‌كا، ئه‌مه په‌یامی ڕوسیایه بۆ سوریا، پرسیاره‌كه ئه‌وه‌یه تا چه‌ند پشتیوانی ڕوســـیا ده‌یتـــه‌هۆی به‌هێزكردنی هه‌ڵوێســـتی كۆمه‌ڵگـــه‌ی نێوده‌وڵه‌تـــی؟ هه‌روه‌ها ئایا ئه‌مه كاریگه‌ری ده‌بێت له‌سه‌ر هه‌ڵوێستی چین و هیندستان؟**

- چیـــن و ڕوســـیا زۆر گرنگتـــرن له هیندســـتان، من پێت ده‌ڵێـــم بۆچی؟ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ڕوســـیا ئاڵوگۆڕێكـــی بازرگانی زۆری له‌گـــه‌ڵ ســـوریا هه‌یـــه، هه‌روه‌ها ڕوســـیا و چین چه‌ك بۆ ســـوپای سوریا دابین ده‌كه‌ن، هیند ئه‌م كاره ناكات. ئه‌گه‌ر ڕوســـیا و چین به ئه‌ســـه‌د بڵێن ئه‌گه‌ر ئه‌م كوشتاره ڕانه‌وه‌ســـتێنێت دژی خوپیشاندانه ئاشـــتیخوازه‌كان، ئه‌وا دابینكردنی هه‌موو

ئەمە دەبێتە فشارێکی زۆر گەورە لەسەر سوپای سوریا. ئەو کاتە سوپای سوریا ڕوودەکاتە ئەسەد و دەڵێت دەبێت کارێکی جددی بکەین و دەبێت بە ڕاستی دەست بە لیبراڵیزەکردن بکەین، بە تێڕوانینی من ئەمە تەنیا فشارێکە، تەنیا فشارە وا دەکات سوپا پشتیوانی دیموکراسی ڕاستەقینە بێت، نەك دیموکراسیەکی ساختە، کەواتە من دەڵێم ڕوسیا و چین زۆر گرنگن. هیندستانیش گرنگە، چونکە ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەیە لەگەڵ سوریادا، بەڵام هیندستان بەچەشنی ڕوسیا چەك بۆ سوریا دابین ناکات، لە کاتێکدا ڕوسیا و چین ئەم کارە دەکەن.

**ئیسرائیل هیچی پێناکرێت لەبەر ئەوەی بەفەرمی لەشەڕدایە لەگەڵ سوریا. عێراق بێ لایەن دەبێت. لوبنان لە کۆنترۆڵی سوریا دەرناچێت. بۆیە تەنیا ئومێد لەسەر وڵاتە دراوسێکان تورکیایە**

*** هیچ بڕیارێکی نێودەوڵەتی بێ پشتیوانی دەوڵەتە دراوسێکانی سوریا سەرکەوتوو نابێت، هەندێ دەوڵەتی دراوسێ پشتگیری ڕژێمی سوریا دەکەن و هەندێکیشیان پشتگیری خەڵکە مەدەنیەکەی سوریا دەکەن، ئێران بە تەواوەتی پشتگیری ڕژێمی سوریا دەکات، هەڵوێستی عێراق ڕوون نییە، ئیسرائیل بێدەنگە، واتە هەڵوێستی جیاواز هەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم هەڵوێستە جیاوازانەدا بکەین؟**

- من لە ئیسرائیلەوە دەست پێدەکەم، ئیسرائیل ناتوانێت هیچ شتێك بکات، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەك لە شێوەکان شەڕ هەیە لە نێوان سوریا و ئیسرائیل، هیچ شتێك لە سەر سنوورەکانیان ڕوونادات، نە ئاڵوگۆڕی بازرگانی، نە گەشتیاری، نە پەیوەندی دیپلۆماسی، هیچ شتێك، لە ڕاستیدا لە نێوانیاندا هێشتا شەڕ هەیە، ئەگەر ئیسرائیل بچێتە پاڵ ئەو وڵاتانەی ڕەخنە لە سوریا دەگرن، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەسەد دەڵێت بڕوانن هەر کەسێك دژی ئێمە بێت، ئەوا عەمیلی ئیسرائیلە، ئەمەش زۆر خراپە بۆ موعارەزە، لەبەر ئەوە ئیسرائیل ناتوانێت هیچ شتێك بڵێت و نابێت هیچ شتێك بڵێت و ناتوانێت هیچ شتێك بکات، پێویستە دوور بوەستێت و هیچ شتێك نەکات. ئێران بە هەموو شێوەیەك و لە هەموو کاتێکدا پشتیوانی سوریا دەکات، تۆ ناتوانیت هەڵوێستی ئێران بگۆڕیت، ئێران لەبیر بکەن، ئێران هەرگیز هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناکات. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئێوە ڕاست دەکەن، هەڵوێستی عێراق زۆر تەمومژاویە، سەرۆك وەزیران، نوری ئەل مالیکی لە ناکۆکیدایە لەگەڵ خۆیدا/ لەبەر ئەوەی لەلایەك زۆر توڕەیە لە ئەسەد بەهۆی تەقینەوەکانی ئابەوە کە دوو ساڵ پێش ئێستا ڕوویاندا لە بەغدا، من پێتان دەڵێم ئەوەندەی من ئاگادارم سوریا لە پشت ئەم کارەوە بوو، پێموایە مالیکیش ئەمە دەزانێت، ئەگەر من بیزانم ئەوا ئەویش دەیزانێت، لەبەر ئەوە مالیکی زۆر توڕەیە لە ئەسەد لەبەر ئەمە. ئەمە جگە لە کارەکانی دیکەی ئەسەد، وەك ڕێگەدان بە تیرۆریستەکانی ئەل قاعیدە بۆ ئەوەی بپەڕنەوە لە سنوورەکان و عێراقی و ئەمریکیەکان بکوژن. لەلایەکی دیکەوە مالیکی بەو شێوەیە سەیری ئەسەد دەکات کە سەرکردەیەکە لەلایەن شیعەکانەوە پشتیوانی دەکرێت لە دژی سوننەکان-دووبارە هەروەك پێشتر باسم کرد عەلەوییەکان تەواو شیعە نین، بەڵکو نزیکن لە شیعەوە-کە لە عێراقیشدا هەمان کێشە هەیە شیعە دژی سوننەکان. ئەمە جگە لە ئێران، کە ئێران پێی دەڵێت مالیکی ئەی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەگەر هێرشکرایە سەرت دەبێت بێلایەن بیت، بەڵام تۆ ناتوانیت هێرشبکەیتەسەر ئەسەد، تۆ ناتوانیت ڕەخنە لە ئەسەد بگریت، ئێمە ڕێگەت پێنادەین ڕەخنە لە ئەسەد بگریت، ئایا لەم ڕاستەدا تێدەگەیت، وەڵامی ئەویش ئەوە دەبێت کە بەڵێ لێی تێدەگەم، کەواتە ناتوانێت ڕەخنە لە ئەسەد بگرێت.

*** کەواتە بەڕای تۆ حکومەتی عێراق بۆتە درێژکراوەی سیاسەتی ئێران؟**

- سەد دەر سەد نا، لەبەر ئەوەی عێراق پشتیگری ئەسەد ناکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دژی ئەسەدیش نییە، عێراق بێلایەنە، ئەمەش بۆ ئێرانیەکان بەسە، کەواتە تۆ ناتوانیت پێشبینی بکەیت مالیکی کاری زیاتری لەدەست بێت. ئەگەر ئابڵۆقەیەکی نێودەوڵەتی- لە دەرەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان- بەسەر سوریادا بسەپێنرێت، ئەوا مالیکی تەنیا بەشداریەکی ڕەمزی دەکات نەك ڕاستەقینە. بەردەوامی بە بازرگانیەکەی دەدات لەگەڵ سوریا، ڕەنگە کەمتر بێت، بەڵام هێشتا ئاستەکەی بەرز دەبێت. کەواتە عێراق کەم تا زۆر لەگەڵ هەڵوێستی ئێراندا دەمێنێتەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە ئەردەنەوە هەبێت، ئەوا ئەردەن دەتوانێت کاری زیاتر بکات لە دژی سوریا، بەڵام ئەردەنیش بە هەمان شێوە دابەشبووە، لەبەر ئەوەی مەلیك عەبدوڵاش نیگەرانە لەوەی ناچاربێت هێز دژی خۆپیشاندەرەکانی وڵاتەکەی بەکار بهێنێت، ئەو کاتە چ ڕوودەدات. لەبەر ئەوەی کاتێك باس لە دەوڵەتە دراوسێکان دەکرێت دەتوانیت تەنیا پشت بە تورکیا ببەستیت. دواتر لوبنانت هەیە، لوبنان لەلایەن سوریاوە کۆنترۆڵکراوە و هەرگیز موقاتەعەی سوریا ناکات، سوریا لەنێوان عێراق و ئەردەن و لوبناندایە و هەر ئەمەش سوریای خۆشحاڵکردووە، لەبەر ئەوەی هەرگیز و هەرگیز موقاتەعەکە بە تەواوەتی جێبەجێ ناکرێت، بەڵام ئەگەر بەشەکەی دیکەی جیهان لە نێویاندا تورکیا و بە دڵنیاییەوە ڕوسیا- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد- بڕیاریاندا شتێکی جددی بکەن، ئەوا ئەمە دەبێتە فشارێکی بەرچاو بۆ سەر ئەسەد.

*** ئایا تا چەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرس دەبێت لە ڕوودانی هەر کارەساتێك لە سوریا؟**

- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەمە بەرپرس نابێت، بەڵام دەتوانێت کاری زیاتر بکات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت کاری زیاتر بکات لە دژی ڕژێمی بەعسی سوریا و من پێموایە پێویستە کاری زیاتر بکات.

**ئێستا نازانین موعارەزەی سوریا کێن؟ دەبێت بزانرێت کێ لە موعارەزەدایە. چ موعارەزەیەکە. ئایا دیموکراتین؟ ئایا دەتوانرێت قسەیان لەگەڵدا بکرێت؟**

پێموانییە بەرپرسیاربێت لەوەی ڕوودەدات، بەڵام دەبێت کاری زیاتر بکات، کە ئەمە ڕوسیا و چینیش لەخۆدەگرێت، ئەگەر کارێکی زیاتر نەکەن، ئەوا بەرپرسیار دەبن لە ڕوودانی هەر کوشتارێك، لە مردنی ژمارەیەکی زیاتری خەڵك، بەڵام ئەگەر کاری زیاتر بکەن، ئەوا چانسێکی دیاری کراویان دەبێت، نەك چانسێکی زۆر، ٢٥ لە سەدا هەروەك ئاماژەم پێکرد بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری لە سوریادا.

*** حەزدەکەین لە کۆتایی ئەم ئاخاوتنە، ئەگەر شتێك هەبێت ئێمە پرسیارمان نەکردبێت**



**و تۆ حەز بکەی ئاماژەی پێ بکەیت؟**

- پەیامـــی من بۆ کوردەکانی ســـوریا، کە زۆربەیان تەنانـــەت ڕەگەزنامەیان نییە و ئەمەش شـــتێکی زۆر ناخۆشە، پێویستە ئۆتۆنۆمیەکی کەلتوریان هەبێت، کە ئێستا نیانە، پێویستە ڕێیان پێبدرێت پەرە بە زمانی کـــوردی بدەن، بە کەلتـــوری کوردی بدەن، منداڵەکانیان فێری کـــوردی بکەن، هەروەها فێری عەرەبیش، کە ئێستا ڕێگەی ئەمەیان پێنادرێت. من ئەمە بە کوردەکانی تورکیا و سوریا دەڵێم کە پێویستە حکومەت ڕێگە بە پەرەپێدانی کەلتـــوری کوردی بدات و بگرە پشتگیریشی بکات، ئەمە لە عێراقدا ڕوودەدات و هەر لە سەردەمی مەلیکیەوە و تەنانەت لە سەردەمی سەددامیشدا. ئەمە زۆر گرنگە، من پێم وانییە پێویست بەوە بکات کوردەکانی سوریا هەوڵی بەدەســـتهێنانی سەربەخۆیی بدەن، یاخود لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا یەك بگرن، ئەمە شـــتێك نییە یارمەتیدەر بێت بۆ هەڵوێستی تورکیا، دەبێت کوردی سوریا بن، بەڵام دەبێت یەکسانی هەبێت، دەبێت هەموو کوردەکانی سوریا هاووڵاتیەکی یەکسان بن، ڕەگەزنامەیان هەبێت و پاسپۆرتیان هەبێت، هەروەهـــا دەبێت ڕێگەیان پێبدرێت کەلتوری کوردی بەرەو پێشـــەوە ببەن. لە ئیسرائیلدا نزیکـــەی لەســـەدا ١٨ و ڕەنگە لە ســـەدا ١٩ی دانیشـــتوانەکەی عەرەب بن، کە نەك هەر ڕێگەی بەرەوپێشچوونی کەلتورەکەیان پێدەدرێـــت، بەڵکو هانیـــش دەدرێن بۆ ئەم کارە، لە شـــارەکانی خۆیـــان و لە گوندەکان و لە ناوچە تێکەڵـــەکان فێربوون بە زمانی عەرەبیـــە، هەروەها فێـــری عیبریش دەبن، لەبـــەر ئـــەوەی کاتێك قوتابیەکـــە دەچێتە بازاڕی کار لە بەشی جولەکەنشینەکە ئەگەر عیبری نەزانێت ئەوا دەرفەتی کار بەدەســـت ناهێنێت، لەبەر ئەوەی دەبێت عیبری بزانێت و بیخوێنێتـــەوە و بینووســـێت، بەڵام زمانی دایکـــت عەرەبیە و بە عەرەبی خوێندوتەوە و پەرە بە کەلتـــوری عەرەبی دەدرێت، لێرە بە چەشـــنی ئەوەی لە ئەردەن و میسر پەرەی پێدەدرێت. من پێشـــنیاری ئەم شـــێوازەی ئیسرائیل بۆ ســـوریا و تورکیا دەکەم، ڕێگە بە کوردەکان بدەن کەلتوری خۆیان بەرەوپێش ببەن، ئەگەر ئەم کارە بکەن ئەوا ئەوان دەبنە هاووڵاتیەکی زۆر باش، ئەگەر ڕێگە بەمە نەدەیت ئەوا دوژمنایەتـــی زیاتر و تورەیی زیاتر دەخوڵقێنیت و ئەمـــەش بیرۆکەیەکی باش نییە.

# کورد چۆن دەتوانێ
# لە سفێری "نائەقڵانی" رۆژهەڵات دەرچێ ...؟!


د. موحسین ئەحمەد عومەر *

.. لێرەوە ئەمە هەموو مەسەلەکەیە، بەڵام داوا لە خوێنەر دەکەم وشەی «نا ئەقلانی» بە مانای «ناتەواو» وەرنەگرێ، بەڵکو بە مانای «سەروەری عاتیفی» یان «فەرمانڕەوایی کردن لە رێگای سۆزەوە» وەرگرێ کە دوورە لە هەر هەڵکەوتێکی ئەقڵی. ئەگەرچی «سۆز یان عاتیفە» بۆ خۆی وەك چەمکێك وەریبگرین دیسان هەر هەڵکەوتێکی ئەقڵی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئێمە مەبەستمان ئەم لایەنە نییە، بەڵکو ئەوەی بە لامانەوە گرینگە، لە مێژووی کەونارا و مۆدێرن، رۆژهەڵات وا پێناسە کراوە کە دوورە لە هەر پێکهاتە و سیفاتێکی ئەقڵانی، چونکە ئەقڵ Raison،Esprit هەڵکەوتێکی جیهانی مۆدێرنەیە، دەوڵەتی نوێ لەسەر بنچینەی ئەقڵی نوێ بنیاتنراوە، سیستەمی حوکمی دیمۆکراسی و پلورالیزم و دەستەڵاتی نوێ کە دەبێ (فەرمانڕەوایی لە گەلەوە بۆ گەل بێ) چەمکێکی ئەقڵی نوێیە، ئەمەش سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ دیمۆکراسی ئاتێنی لە گریکی کۆن، بەڵام فۆرمی نوێی، لە سەردەمی نوێ، تەنیا لە رۆژئاوا نموونەی بەرجەستەی هەیە، ئەمەش بە کەناڵێکی مێژوویی پڕ لە کۆسپ و تەگەرە گەشەی کردووە و بە ناو مێژووی دوو هەزارساڵەی یۆنان و رۆمان و ئۆروپای نوێدا تێپەڕیوە. ئەمەش لە دیاردەکانی وەك شۆڕش کردن بەسەر دەوڵەتی کڵێسا و دەستەڵاتی پیاوانی فیۆدال و ئایینی، پاشان لە دایکبوونی چینی بۆرژوازی و دەوڵەتی بۆرژوازی نوێ، کە نموونەی هەرە بەرجەستە و باڵای شۆڕشی فرەنسییە (١٧٨٩) کە پرەنسیپە ئەقڵییە گرینگەکان وەك «ئازادی و یەکسانی و برایەتی» لێ لە دایکبوون، کە یەکەمین بزماری نوێخوازیش بوو لە تابووتی «دەوڵەتی ئەریستۆکراسی ئایینی» درا، بەم شێوە، کۆمەڵگە بەرەو سەردەمێکی دیکە هەڵکشا کە پێی دەوترێ دەوڵەتی «هاووڵاتی و لە دایکبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادییە بنچینەییەکان، دەوڵەتی ئەرك و ماف، دەوڵەتی قانون...تاد» ئەمانە هەموویان مێژووییەکیان هەیە، لە سەردەمی نوێ، هەموو ئەم چەمکانە گەشەیان کردووە بەرەو دەوڵەتی لیبرالیزم و مافی مرۆڤ و بزووتنەوەی ئێکۆلۆژی و یەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان «کە هەندێ جار ئەمەش پێی دەگوترێ سۆسیال ئێکۆلۆژی» هەندێ جاری تریش بە دەوڵەتی «عەدالەتی کۆمەڵایەتی» رۆیشتووە. هەموو ئەم دیاردانە لەم دوو سەد ساڵەی دوایی وەك مۆدێلێکی نوێی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و شارستانی کە بنچینەکانی دەوڵەتی لەسەر راوەستاوە لە رۆژئاوا گەشەیەکی سەرسوڕهێنەری کردووە، ئەمڕۆش کە باس لە دەوڵەتی (پۆست مۆدێرنەی هاووڵاتیبوون) دەکرێ، باس لەو دەکرێ چۆن دەبێ دەسەڵات و کۆنترۆڵ لەسەر بنچینەیەکی ئینسانانە بنیات بنرێتەوە، باس لە دابەشکردنی کار و سەرمایەی نیشتمانی دەکرێتەوە بە شێوەیەکی یەکسان، لێرەشەوە باس لە تاکەکەسی ئەکتیڤ و پاسیڤ دەکرێ، ئەکتیڤەکان بە هێزی ماددی خۆیان دەتوانن فەرمانرەوایی بکەن، بەڵام پاسیڤەکان دەبنە بەرکار و تا رادەیەکیش سەرچاوەی کێشە بۆ کۆمەڵ، بەڵام ئەکتیڤەکانیش دەبێ سەرچاوەی ماددییان لە روانگەی عەدالەتی سیاسی دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ نەوەك ببنە سەرچاوەی هەمان کێشەی پاسیڤەکان. دیسانەوە لە دەوڵەتی نوێ باس لە کێشەی ئاسایش دەکرێ، ئاسایش ئەوسا بەرقەرار دەبێ کە دەوڵەتی نوێ لەسەر بناغەی ئازادییە بنچینەییەکان بنیاتنرابێ، ئەم ئازادییە دەبێ لە کێشە ئیدیۆلۆژی و سیاسی و ئایینی و ئێتنیکی بپارێزرێ، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی هەرچەند بکرێ توندوتیژی دووربخرێتەوە، چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی ئایینی، سیاسی، فیکری نەهێڵرێ، بە گشتی لە دەوڵەتی نوێ دەسەڵات وەك ئەو باخچەوان و رەزەوانە دێتە بەرچاو، کە کۆمەڵگە وەك باخچە و رەزەکەیە، هەردەم پاك و خاوێن راگرێ و سەرچاوەکانی ئاوی بپارێزێ، هەردەم بژاری بکا، بۆ ئەوەی درێژە بە بووژانەوە و بەرقەراری سروشتی و بەرهەم بدا. هەموو ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایی ئەقڵ و

حکومەتی ئەقڵی. ئەوەی کە کێشە دروست دەکا، تا ئێستا مۆدێلێکی فەرمانڕەوایی لەم جۆرە کە مێژوویەکی هەڵکشاو و گەشەکردووی هەبێ لە ڕۆژهەڵات نادۆزرێتەوە. نموونەی فەرمانڕەوایی (حکومەتی موسڵمانان) نەك (حکومەتی ئیسلامی) لە شێوەی «دەوڵەتی عوسمانی» مۆدێلی دەوڵەتێك بوو لەسەر «سۆزی ئایینی» بە هەندێ کاریگەری پاشماوەی فیکری ڕۆمانەکانی ڕۆژهەڵات دامەزرابوو،، ئەمەش لەگەڵ گۆڕانە گەورەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم و هێرشی فیکری ڕۆژئاوا ڕووخاو بووە وەهم و تارمایی. ئێرانییەکانیش هەروەکو هیگل (لە کتێبی ئەقڵ لە مێژوودا Hegle، La raison dans l>histoire) دەڵێ: هەزاران ساڵە نەیانتوانیوە لە مۆدێلی دەوڵەتی تیۆکراسی تێپەڕن، ئێستاش لە سەردەمی نوێ درێژە بە هەمان مۆدێل دەدەن. بە گشتی دەتوانین بڵێین تەواوی ڕۆژهەڵات سەر بە حوکمرانیەکی ئایینی بووە. هەڵبەت کە سەرنج لە مێژووی هەزار ساڵەی ڕۆژهەڵات دەدەین، هەست دەکەین هیچ شتێك نەگۆڕاوە، بە گشتی لەم ڕۆژهەڵاتە کەوناراپە، ئەگەر کەمێك بگەڕێین دەتوانین ئەو بەردە بدۆزینە کە شەش هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ گەلگامش لەسەری دانیشتبوو، داریۆشی پارتەکان پێڕێ بە تەنیشت هەولێر تێپەڕی، تەنیا کاولکارییان لە دوای خۆیان بەجێهێشت، بەڵگەش بۆ ئەمە، هەر دەوڵەتی ئێرانە ئێستا خەریکی بۆردوومانی گوندەکانی سەرسنووری کوردستانە، سەرەنجام ئەم ئازارە بەردەوامە و درێژەی هەیە، کەی تەواو دەبێ نازانین، بەڵام دڵنیام خەبات کردن بۆ فەرمانڕەواییەکی ئەقڵی کۆتایی بەم بەزمە دێنێ، ئەمەش واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەقڵی، دەوڵەتێك گۆشکراو بە دیموکراسی و پلورالیزم و مافی مرۆڤ، بەڵام لەم ڕۆژهەڵاتە، لەو باوەڕەدام ئەمە ڕەنگە خەونێکی ناخۆش بێت، هەڵبەت خەونێکی ناخۆشە، فەرموو، دەستەڵاتی سوریا بە تانك و زرێپۆش سەرادووی هاووڵاتیانی خۆی دەنێ بە دیان و سەدانیان لێ دەکوژێ، بۆ؟ بێگومان چونکە سوریا دەوڵەت نییە، چونکە سەر بە نەریتێکی ڕووناکی حوکمرانی و فەرمانڕەوایی ئەقڵ نییە، چونکە زۆر بە سادەیی سوریا دەوڵەت نییە، بەڵکو «کۆمەڵە خەڵکێکە Aglomeration»، لە ناو سنوورێك دەژین کەمینەیەك فەرمانڕەواییان دەکا، ئەمەش ئەو مۆدێلە باوەیە کە مێژووی ڕۆژهەڵات دروستی کردووە، بەڵام لەمڕۆوە ئیتر ئەم مۆدێلە چیتر بەختی مانەوەی نییە، بەڵکو دەبێ هەڵگەڕانەوەیەك، پێداچوونەوەیەك، گۆڕینی پرەنسیپەکان، بە چاوێکی تر بۆیان بڕوانین، ئیمڕۆ «مافەکان و کار و ئاسایش و بووژانەوە و یەکسانی و ئازادی» داواکاری هەر تاکێکە، فەرمانڕەوایی نوێ دەبێ بە ئاڕاستەی ئەم داواکارییانە هەنگاو بنێ.

ئینجا کورد لە ناو ئەم دەریای گۆڕانانە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەپۆل دەدا، لەبەر ئەوەی لە پەیوەندی و هەڵکەوتێکی جیۆپۆلیتیکی لاوازدا دەژیی، وەك ئەوە وایە هیچ قایغ و گەمییەکی نەبێ خۆی پێ ڕزگار بکا، سەرەنجام ڕزگاربوون چۆن بەدەست دەهێنرێ؟ بێگومان بۆ گەڕانەوە بۆ فەرمانڕەوایی ئەقڵ، واتە دانانی سیستەمێکی جێگیر کە لە مرۆڤ بوەشێتەوە، سیستەمێك ئازادییە بنچینەییەکان بپارێزێ، دوورخستنەوەی گەندەڵی لە پرۆسەی سیاسی، ئابووری. دەستەڵات لە گەڵەوە بێ بۆ گەل کە چەمکێکی کۆنی مرۆڤایەتییە، پلورالیزم (التعددیە)...تاد.

دەستەڵاتی کوردی سەرەڕای هەموو کەم و کورتیەکیش، سەرەڕای تازەیی و بێ ئەزموونی، تا ڕادەیەك لەگەڵ ئەم ئەزموونە لە سەرەتای ڕێگای فەرمانڕەوایی ئەقڵیدایە، ئەمەش هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو غەدرە مێژووییەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە کورد کراوە، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ بە سەختی بە دەست هێنانی ئەوەی تا ئێستا بە دەست هێنراوە، ئەم ئەزموونە هەموو شانسێکی هەیە گەشە بکاو فراژی بکا و ببێتە مۆدێلێك ئەگەر کورد موجامەلەی مێژوویی ترسناك لەگەڵ خۆی نەکا. سەرەنجام بەم ئاراستەیە کارکردن کورد دەبێ چی بکا؟ دەبێ لە کوردستان پلورالیزم بەهێزبکرێ، سیستەمی کار و دابەشکردنی کار و سەرمایە سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوە، دەستە تاریکەکانی گەندەڵی لەناوببرێن، ئازادییە بنچینەییەکان بپارێزرێ، دەبێ کورد دژایەتی حکومەتی ئیدیۆلۆژی، ئیتنیکی بکا، کوردستان ناسنامەی هەمووان بێ، دواجار هەموو حکومەتێك مانەوە و گەشەسەندنی دەوەستێتە سەر جێگیری سیاسی درێژخایەن و ئاوەدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، هەرچەند دیموکراسی و مافەکان لە ناوەوە پارێزراین، بەقەد ئەمەش ئەو حکومەتە وێنەیەکی بەهێز دەنێرێتە دەرەوە، بە قەد ئەمەش ژیانێکی جێگیری دەبێ لە ئایندە، سەرەنجام ڕێگای ئەقڵ و فەرمانڕەوایی ئەقڵی، تاقە ڕێگایەکە کە کورد لە سەفێری «نا ئەقڵانی» ڕۆژهەڵات دەباتە دەرەوە کە سەر بە هیچ مۆدێلێکی حوکمرانی نوێ نییە.

**سفێر:** واتە محیط، چێوە، ناوەند. Sphere

***- سەرۆکی بەشی فرەنسی/ زانکۆی سەلاحەددین**







# کێشە سیاسییەکانی عێراق و گەندەڵییەکانی وەزارەتی کارەبا

لەوانەیە بۆ شرۆڤەوان و چاودێری سیاسیی ئاسان نەبێت بارودۆخی سیاسی عێراق بەرەو کوێ دەچێت و پرۆسەی سیاسیی عێراق تاچەند سەرکەتوو دەبێت، لەبەر ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە خۆی بەشێکە لە کێشەکە و لایەنە سەرەکیەکان بەچاوی گومان و دوودڵیەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن، ئەم حاڵەتەش کەدەشێ پێی بگوترێت نەبوونی متمانە لەنێوان ئەو پێکهاتە سەرەکیانەی لەناو حکومەتدا بەشدارن، بۆتە هۆکاری ئەوەی ئاستی هاوکاری و پێکەوە کارکردن لە ئاستێکی نزمدا بێت و هەموو ئەو کۆبوونەوانەشی بۆ چارەسەری کێشەکان دەکرێن و تیایدا لایەنەکان لەسەری دەگەنە رێککەوتن دواتر بە بیانووی جیاوازەوە جێبەجێکردنی رێککەوتنەکان دەکەونە پەراوێزەوە، هەربۆیەش وێڕای رێککەوتنی هەولێر و پێکهێنانی حکومەت لەبەر رۆشنایی ئەو رێککەوتنە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت کۆمەڵێك بۆشایی لە حکومەت هەیە وەك پڕکردنەوەی پۆستی وەزارەتە ئەمنیەکان و پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژییەکان یەکلایی نەبوونەتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە بەر لە چەند رۆژێك جارێکی دیکە بۆ ئەم مەبەستە تێکڕای لایەنە سیاسییەکان لە بەغدا لەماڵی بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق کۆبوونەوە، سەبارەت بەدوا پێشهاتەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی لەو کۆبوونەوەیە دراون، پرسیارمان لە پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی عەلی شەلا کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: (پێش هەمووشتێك، دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین کە کێشەی سەرەکی لە تەواوی پرۆسە سیاسییەکەدایە، نەك حکومەت، ئێمە پێمانوایە لە بەندەکانی رێککەوتنەکەی «هەولێر» بێجگە لە پڕکردنەوەی پۆستی وەزارەتە ئەمنیەکان و پێکهێنانی ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان، ئەوانی دیکە بەشێوەیەکی


بەرچاو جێبەجێکراون، بۆ جێبەجیکردنی ئەو دوو پرسەش جارێکی دیکە لە ماڵی سەرۆك کۆمار کۆبووینەوە و ڕێککەوتین ئەوانیش چارەسەر بکەین، ڕێککەوتنەکە بەو شێوەیە بوو کە پاش دوو هەفتە بگەینە کۆدەنگییەك، ئێستا یەك هەفتە تێپەڕیووە و ئەمڕۆ ناوەکان لەبەردەم لیژنەکەیە، بۆیە هیواداریین ئەمڕۆ یاخود دوو سبەی وتووێژەکان بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر دوو ناو، یەکێکیان بۆ وەزارەتی ناوخۆ و ئەوی دیکەیان بۆ وەزارەتی بەرگری. سەبارەت بە ئەنجومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژییەکانیش ڕۆژی پێنج شەمە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و بڕیارە ڕۆژی دووشەمە(ئەمڕۆ) خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت، لە ئەنجومەنەکەدا تەنیا ئیشکالییاتی دەستووری هەیە، ئەویش بۆئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنەکە نەکەوێتە سەرووی سەرۆك کۆمار، هەروەها چەند ئیشکالییاتێکی تر هەیە لەبارەی تێکهەڵکێشبوونی سێ دەسەڵاتەکان، کە ئەمەیش لەڕووی دەستوورییەوە نابێ. بەڕای من لە خوێندنەوەی دووەمدا ئەم مەسەلانە چارەسەردەکرێن، پاشان، وابزانم بەشێك لە ڕێککەوتنەکەی نێوان قەوارەکان بریتییە لەوەی کە دەنگدان لەسەر ئەنجومەنەکە ئەنجام بدرێت)).

ئەوەی عەلی شەلا وەك پەرلەمانتاری هاوپەیمانی نیشتمانی باسی کرد، دیوێکی گەشبینیە بە پرۆسە سیاسییەکە، بۆیە هەرلەمبارەوە پرسیارمان لەنووسەر و شرۆڤەکاری عێراقی غالب زنجیل کرد، هەستمان کرد ئەو وەك چاودێرێکی بارودۆخەکە بە جۆرێکی دیکە سەیری پرۆسەکە دەکات، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەت بە گوڵانی ڕاگەیاند: (زەحمەتە بۆ هەر چاودێرێکی سیاسی بتوانێت بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق بخوێنێتەوە، ئەویش بەهۆی ناکۆکی و ململانێ، تەنانەت لەدژی یەکتریدا پیلان دادەڕێژن. کێشەکە لەوەدایە ئەو هێزە سیاسییانەی کە ئەمڕۆ کاردەکەن هێشتا هیچ یەکێکیان دەستنیشانی نەکردووە چیی دەوێت، هاوکات نییەتەکانیان دژی لایەنەکانی بەرامبەرە. بۆیە هەمووشتێك لە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆمان شێواوە. هەربۆیە هێشتا روون نییە و نازانرێت لە ئاییندەدا چی ڕوودەدات. بەپێی قەناعەتی خۆم، پێدەچێت ئەم گێلەشێوایە شتێکی دروستکراوبێت، دەستی ئەمریکای لەپشتەوە بێت، لەبەرئەوەی پێموایە کە ئەمریکییەکان بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نین ڕێککەوتنێکی جددی و راستەقینە و بە بەرهەم لە «عێراق» بێتەکایەوە)).

بێگومان ئەو رایەی زنجیلی کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پێدەچێت ئەم بارە نائاساییەی عێراق دەستی ئەمریکای لە پشتەوە بێت، بەتەنیا رای ئەو نییە وەك چاودێرێکی سیاسیی، بەڵکو ئەمە رایەکی گشتی نێو شەقامی سیاسیی عێراقیە هەروەك چۆن لەسەر مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا رایەکی هاوبەش و یەکگرتوویان نییە، عەلی شەلا کە لەسەر ئەم لایەنە راشکاوانە دەستی خستۆتە سەر برینەکان، پێیوایە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەبێتە هۆکاری لەتبوونی هێزە سیاسییەکانی عێراق و بەشێك لە هێزە سیاسییەکانی عێراق، ئەم کارتە وەك بیانوویەك بۆ موزایەدەی سیاسی بەکاردەهێنن، لەمبارەوە بە گوڵانی راگەیاند: (ئەمەیان پرسیارێکی زۆر گرنگە. بەڕای من کێشەی گەورەتر هەیە لەحاڵەتی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا،

**عەلی شەلا**

**پەرلەمانتاری هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ گوڵان:**



## ئیقالە پێکردنی وەزیری کارەبا مەسەلەیەکە پێوەندی بە گەندەڵیەوە هەیە و وەزارەتەکە هەر بۆ عێراقیە دەمێنێتەوە

**کێشەکە لەوەدایە ئەو هێزە سیاسییانەی کە ئەمڕۆ کاردەکەن هێشتا هیچ یەکێکیان دەستنیشانی نەکردووە چیی دەوێت. هاوکات نیەتەکانیان دژی لایەنەکانی بەرامبەرە**

هەروەك کە ئێوەیش دەزانن هەندێك لایەن مانەوەی هێزی ئەمریکی وەکو پاساوێك بەکاردێنێت بۆمەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازی و ئەنجامدانی تەقینەوە و تەنانەت هێرشکردنە سەر هاووڵاتیە مەدەنیە بێتاوانەکان، بە بیانوی بەرگری لەدژی هێزەکانی داگیرکار. ئێستا لەنێوان لایەنە سەرەکیەکاندا سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا رایەکی هاوبەش هەیە، بەڵام ئەگەر هات و را گۆڕا و بڕیاردرا هێزی بیانی بمێنێتەوە، ئەوکات دووچاری قەیرانێکی نوێ دەبینەوە و لەوانەشە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقی لێکبترازێت و دابەش بێت بەسەر زیاتر لە دوو بەش و هەموو لایەنێك لەسەر ئەم مەسەلەیەدا لایەنەکانی بەرامبەر تۆمەتباربکات. بەڕای من ئەو ئەنجامەی کە لە ماڵی سەرۆك کۆمار پێی گەیشتین چارەسەرێکی عەقلانی و مامناوەندیە، کە بریتییە لە مانەوەی راهێنەرەکان لەکاتی کشانەوە لەمیانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە. هەروەك هەموومان دەزانین هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەموو وڵاتانی دراوسێ بوونیان هەیە، ئەگەر خودانەخواستە هەر شتێك روویدا ئەوە هێزەکان لێمان نزیکن، بەڵام ئێمە لەوبارەیەوە گەشبینین کە هیچ پێویستییەکمان پێیان نابێت و پێویستە لەسەر عێراقییەکان پشت بە خۆیان ببەستن)).

### ئیقالە پێکردنی وەزیری کارەبا کێشەیەکی دیکە لەنێوان عێراقیەو دەوڵەتی یاسا

کێشەیەکی دیکە کە ئێستا سەری هەڵداوە داواکەی سەرۆك وەزیرانی عێراقە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگ لەسەر متمانە وەرگرتنەوە لەوەزیری کارەبا بدرێت، وەزیری کارەبای عێراقیش کە

**هەندێك لایەن مانەوەی هێزی ئەمریکی وەکو پاساوێك بەکاردێنێت بۆمەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازی و ئەنجامدانی تەقینەوە و تەنانەت هێرشکردنە سەر هاووڵاتیە مەدەنیە بێتاوانەکان**

کاندیدی لیستی ئەلعراقیەیە، لەوانەیە ببێتە هۆکاری ئەوەی کێشەیەکی دیکە لەنێوان لیستی دەوڵەتی یاسا و لیستی ئەلعراقیە بێتە ئاراوە، کازم شەمەری پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان سەبارەت بەم پرسە جەخت لەوە دەکاتەوە تێوەگلان لەگەندەڵی بەتەنیا وەزیری کارەبا نییە و پێویستە سەرۆك وەزیران هەموو دۆسیەکان هەڵبداتەوە، بۆیە جەختی لەسەر ئەوەکردەوە لیستی عێراقیە بەهیچ جۆرێك لەسەر ئیقالە پێکردنی وەزیری کارەبا کێشە دروست ناکات و بەکاندیدێکی دیکە جێگەکەی پردەکاتەوە و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (دوایین رووداو کە روویدا سەبارەت بە کێشەی کارەبا و گەندەڵی لە گرێبەستەکان و ئەو شتەی کە لەگەڵ وەزیری کارەبا روویدا، من سەبارەت بەم کێشەیە رووداوێکی خۆماڵی عێراقیتان بۆ دەگێڕمەوە، لەنێو خەڵکی عێراقدا چیرۆکێك هەیە لەسەر پیاوێك کە دزیی لێدەکرێت، پاش ئەوەی پیاوەکە دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکە بۆئەوەی سوێندیان بدات، دەبینێت گوندەکە کەسی تیا نییە، هەموویان لە مزگەوتن، لەوێدا لەخۆی دەپرسێت و دەڵێت: «ئەگەر هەموو دانیشتوانی گوند لە مزگەوتن، کەواتا کێ دزیی لێم کردووە؟» ئێستاش لەکاتێکدا کە «عێراق» لە پلەی کۆتایی کێرڤی گەندەڵییەکانی دارایی و ئیداریدایە، تاکو ئەمڕۆش هیچ وەزیرێك یان بریکاری وەزیر یان بەڕێوەبەرێکی گشتی یانیش بەرپرسێکی باڵادەست لە پۆستەکەی بەهۆی گەندەڵی دەرنەکراوە، کەواتا کێیە دزی دەکات؟ ئایا لایەنی دیکە لە ئەستێرەکانی ئاسمانەوە هاتوون؟ مەبەستم، ئەو لایەنانە نەبینراو و نادیارن؟ زیندەوەری ئاسمان هاتوونە و لە پارەی «عێراق» دەدزن و پارەکان بۆ شوێنی نادیار دەبەن؟ هەربۆیە پێویستە لەسەر حکومەت و بەتایبەتی لەسەر سەرۆك وەزیران سەرکەوتوو بێت لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، یاخود نەء، دەبێت هەڵوێستی راشکاوانەی هەبێت، ئەگەر ناتوانێت گەندەڵی بنبڕ بکات با بڵێت من ناتوانم بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکەم. ئەگەر هات و سەرۆك وەزیران وتی من سەرکەوتن بەدەست دێنم لەسەر بنەمای نەزاهەت و دادپەروەری، ئەوکات پێویستە هەڵستێت بە دەرکردنی هەموو وەزیرێك کە لەسەری بسەلمێت پێوەندیی بە گەندەڵی هەبووە، پێویستە هەموو دۆسیەکان بکاتەوە. ئەمە مەسەلەیەکی زۆر ترسناکە و پێویستە هەڵستێت بە کردنەوەی هەموو دۆسیەکان، ئەمە سەبارەت بە دۆسیەکانی گەندەڵی. لەلایەنێکی دیکەوە و سەبارەت بە مەسەلەی ئیقالەکردنی وەزیری کارەبا و کاریگەرییەکانی لەسەر رێککەوتنە سیاسییەکان، من دەڵێم نەخێر کاریگەریی نابێت، لەبەرئەوەی وەزیری کارەبا سەر بە لیستی «عێراقیە»یە، بۆیە ئەگەر بێت و وەزیری کارەبا ئیقالەبکرێت، یان هەر وەزیرێکی تر، ئەوکات پێویستە لەسەر ئەو

# کازم شەمەری

پەرلەمانتاری عێراقیە بۆ گوڵان:



# ئێمە گلەییمان لەسەر ئیقالە پێکردنی وەزیری کارەبا نییە، بەڵام پێویستە هەموو دۆسیەکانی گەندەڵی هەڵبدرێنەوە

لیستەی کە ئەو وەزیرەی کاندیدکردووە هەڵستێت بە پێشکەشکردنی بەدیلێکی دیکە لەجێگەی ئەو وەزیرە)).

عەلی شەلاش لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بە ئیقالە پێکردنی وەزیری کارەبا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ئەگەر دەرکەوت وەزیری کارەبا دەستی لەگەندەڵیەکەدا هەبووە، ئەوا لیستی ئەلعراقیە پشتگیری ناکەن و لەمبارەوە وتی: (پێش هەمووشتێك، پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە لەسەر بنەمای ویژدانی نیشتمانیمان پێویستە کارکردنمان لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا بەشێك بێت لەو سوێندەی کە داومانە، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە لەسەر دۆسیەی خزمەتگوزارییەکان و دۆسیەی کارەبا، هەموو جارێك تەنیا بۆ یەك یان دوو مانگ کێشەی پسوولەی خۆراك بەرەوپێشەوەچوون بەخۆیەوە دەبینێت و پاشان دووبارە تێکدەچێت، کارەبا لە وەرزی زستان بەشێوەیەکی رێژەیی باش دەبێت و لە وەرزی هاوین دووبارە تێکدەچێتەوە. ئەمانە هەموویان داخوازیی کۆمەڵایەتی و راستەقینە و گوزەرانین، ئەمانە داخوازیی سیاسی نین، بۆیە ئێمە لەم بارەیەوە لە داخوازییەکانی هاووڵاتیان تێدەگەین و بۆیەیش هەموومان پابەندین بە لەئەستۆگرتنی ئەم شکستە، بەڵام سەبارەت بە مەسەلەکەی وەزیری کارەبا کە پێوەندیی بە گەندەڵییەوە هەیە، ئەگەر هات و سەلمێندرا کە وەزیرەکە دەستی لە گەندەڵی هەبووە، ئەوکات هیچ کەسێك تەنانەت برایانیشمان لە لیستی «عێراقیە» بەرگریی لێ ناکەن، چەند ساتێك بەر لە ئێستا لە ئێوارەخوانێك بووم کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سازیکردبوو، برایانمان لە لیستی «عێراقیە»یش لەوێ ئامادەببوون، وتیان ئەگەر هاتوو دەرکەوت کە وەزیرەکە هەر رۆڵێکی هەبووە لەو گەندەڵییە ئەوە بەرگریی لێ ناکەن و ئەم مەسەلەیە لەنێوان «هاوپەیمانی نیشتمانی» و لیستی «عێراقیە» نییە، بەڵکو پەیوەستە بە دادپەروەری و پیاوێکی تۆمەتبار بە گەندەڵی، لەبەرئەوەی لەهەموو حاڵەتەکاندا وەزارەتەکە هەر بۆ لیستی «عێراقیە» دەمێنێتەوە)).

# بەردەوام بوونی واقیعی پڕ لە ئازاری منداڵان لەعێراقدا



کازم حەبیب *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویێتی

بەگشتی منداڵان لە عێراقدا لەلایەن دەوڵەت و سیَ دەسەڵاتەکەیەوە بەهیچ شێوەیەك پشتگیری پێویست و سەرپەرشتییەکی تەندروست نەکراون، بۆیە زۆربەیان لەژیانی ئاسایی و لەناوخۆشییەکانی منداڵیەتیدا نەژیاون، هەروەك چۆن منداڵانی زۆربەی وڵاتانی جیهان لەو قۆناغەدا بەخۆشترین شێوە کاتەکانی تێدەپەڕن، ئەوەشمان لەبیر نەچێت بەملیۆنەها منداڵی تر هەن لە دنیادا کە هەمان بارودۆخ و هەمان موعاناتیان لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا چێشتووە، ئەم گرفتە لەناو عیراقدا بەردەوامی هەبووەو ڕۆژ دوای ڕۆژ قورستر بووە بە تایبەتی لەناو خێزانە هەژار و کەمدەرامەت و لەناو گوندەکانی ئەو شوێنانەدا کە ژیانێکی گونجاو و شیاو بە مرۆڤ بوونی تیادا نەبووە، بەتایبەتی لە ڕووی ناهەمواری خوێندن و تەندروستی و ئاوی خاوێنی خواردنەوەوە، لەناو ئەمانەشدا منداڵانی هەتیو، منداڵانی ئافرەتە تەڵاقدراوەکان، ئەو منداڵانەش کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، یان لە ژێر سەختی نەخۆشی درێژخایەندا دەناڵێنن، یان ئەوانەی کە بیرکۆڵ و کەم ژیرین، یان نەخۆشی دەروونییان هەیە، تەنانەت زۆربەی منداڵانی عێراق لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە توندوتیژی و زەبروزەنگیان لەبەرامبەر بەکارهێنراوە، چ لەلایەن باوکانیانەوە بێت یان مامۆستا یان خەڵکانی تری لەخۆیان گەورەترەوە، ئەوەش بەمەبەستی راستکردنەوە و بەهەنجەتی پەروەردەکردن و لەڕێ لانەدان، تاکو ئێستاش لە جاران زیاتر موعاناتی کچان زۆر گەورەترە لە موعاناتی کوڕان ئەوەش بەهۆی ئەو تێڕوانینە کورتبین و هەڵەیەی کە لە پەروەردەی ناو خێزانەکاندا بەرانبەر کچان دروست بووە، هەر ئەوەشە کە لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە داروفەلاقەو قەڵەم لەنێو پەنجەکانیان و زللە و شەق و تف و جنێوپێدان وەك چەند ئامرازێکی پەروەردەیی لە دژی منداڵان بەکارهێنراون، تاکو ئێستاش ئەم دیاردەیە لەناو ماڵ و قوتابخانەو لەسەر شەقامەکانی عێراقدا بوونیان هەیە، ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە بۆ منداڵانی عێراق لەسەر زەوی دروست کراون، لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا چەندین کارەسات و جەنگ و ململانێی بەزەبروزەنگ لە نێوان خەڵکانی عێراقدا کاریگەری خراپیان خستۆتە سەر منداڵان کەرامەتی و کەسایەتییان ڕوشاندون، دووچاری جۆرەها نەخۆشی دەروونی و دەمارگیری بوونەتەوە، خێزانە عێراقییەکان بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو لە ژێر زەبری شمشێری چەوساندنەوە و دەرکردن و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و بە زۆر گۆڕینی زمان و نەتەوەدا ناڵاندویانە، ئەمەش وای لە زۆربەی منداڵانەی ئەو خێزانانە کردووە کە یان ڕۆحیان لەناو ببرێت یان لە کونجە تاریکەکانی زینداندا لاقە بکرێن یان هەڕەشەی لەناوچوون لە کەسوکاریان بکرێت، وەك تۆڵەیەك لە دژی بیروڕای جیاوازی فیکری و سیاسی خێزانەکانیان، گەر بهاتایە بەپێچەوانەی سیستەمی فەرمانڕەوایی وڵاتی عێراق بوونایە، هەروەها جەنگە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە ساڵانێکی دووورودرێژ بەردەوام بوون، ژیانی منداڵانی عێراقیان خستە مەترسی لەناوبردنەوە، چ ئەوانەی کە لەلایەن گرووپە تیرۆریستەکانەوە دەرڕفێندران، یان ئەو دەیان هەزار منداڵانەی بەهۆی بۆردومانی ئاسمانی و تۆپبارانی زەمینی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کە لە ڕووی جەستەیی و مێشکەوە کەم ئەندامی کردبوون، یان ئەو ملیۆنەها منداڵانەی کە بەهۆی مردنی دایك وباوکانیانەوە یان بەهۆی برسێتی و نەبوونی چارەسەرەوە پەرتەوازەو پەراگەندە بوون، پێویستە لێرەدا ئەو منداڵە کوردانەمان لەیاد نەچێت کە لەسەردەستی سوپای پێشووی عیراق و رژێمی بەعس و سەدام حوسێنی لەناوچوو جینۆساید کران و زۆریان بە زیندوویەتی فڕێدرانەوە ناو گۆڕە بە کۆمەڵەکانی بیابانەکانەوە، یان ئەو منداڵە کوردانەی لە هەڵەبجە و زۆر گوندی تری کوردستان کەوتنە بەر بۆردومانی کیمیاوی و چەکی کۆمەڵکوژەوە، یان ئەو منداڵە کوردە فەیلیانەی بەزۆری زۆردارەکیَ ڕەوانەی ئێران دەکران و بەهۆیەوە لە ڕێگادا هەندێکیان لە دایك وبابیان بزر بوون، تاکو ئێستاش نازانن بنەچەی خۆیان کێن، ئەو زوڵمەی لەسەریان بووە زەبری هەر ماوە، ئەو سەدان هەزاران منداڵانەشمان لەیاد نەچێت کە بۆ ماوەی ١٣ ساڵ بەهۆی زەبری گەمارۆی ئابوورییەوە برسی دەکران، تووشی بەدخۆراکی و کەمئەندامی دەبوون، کە نەخۆش دەکەوتن دەرمانیان نەبوو بۆ چارەسەری، ئەوەش بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابورییە نێودەوڵەتییە زاڵمانەیەی لەلایەن ئەمەریکا و بەریتانیا و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە خرابووە سەر گەلانی عێراق، نەك هێزە نیزامییەکانی عێراق، لە ژێر زەبری کاریگەری گەمارۆی ئابووریدا دەیان هەزار منداڵی تر لەعێراقدا مردن، هەندێکیان بەهۆی مینی شاراوەوە بیَ قاچ و دەست دەبوون کە لەناوچەیەکی بەرین و فراوانی سەر سنووری عێراق و ئێران چێندرابوون، هەر بۆ نموونە رژێمی عێراق زیاتر لە ٢٠ ملیۆن مینی لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپاوە کڕیوەو لەسەر سنوورەکان چاندونی، بەتایبەتی بەسەر خاکی کوردستانەوە، ئەوەتا گەلی عێراق لەدوای ڕووخانی رژێمی دیکتاتۆری تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت لەژێر زەبری سیاسەتە چەوت و چەوێڵەکانی ئەو ڕژێمە دەناڵێنن، رژێمێك ژیانی لەعێراقدا کردبووە دۆزەخ بۆ خەڵکەکەی، لەم نێوەندەشدا منداڵان لە

هەموو توێژو چین و کەسانی تری گەورە زیاتر کەوتبوونە بەر چرنۆکی مردن و کەڵبەی هەژاری و لەناوبردن و تیرۆر و تەعەدای ڕەوشتی و بەتایبەت بەهۆی رەفتاری دامودەزگا سەرکوتکارەکانی رژێمەوە کە بە ناشرینترین شێوە منداڵیشیان لە زەبروزەنگیان نەدەپاراست یان ئەو ملیۆنەها منداڵەی کە لە ژێر هێڵی هەژارییەوە یان نزیك بە هێڵی هەژاری دوچاری هەژاری و بێکاری و بەدخۆراکی بوونەتەوە، یان ئەو مامەڵە ناشرینەی کە لەزیندانەکاندا لەدژی منداڵە زیندانی کراوەکان و یان لە دژی ئەو منداڵانەی کە تووشی نەخۆشی دەروونی بوون یان ئەوانەی کە بێ دایك و باوك بوون ئەنجام دەدرا، یان بەهۆی شێوازی پەروەردەیی و فێرکاری توندوتیژەوە یان بەهۆی پەڕگیری ئایینی و مەزهەبییەوە کە لە زۆر شوێنی عیراق پیادە دەکران، هەمووی بوونە هۆی کەڵکە بوونی گرفتەکان و تاکو ئێستا بوونەتە دێوێکی خورافی گەورەو زەبەلاح کە ڕۆژانە لەبەردەم هەموو منداڵێکی عێراقدا ئەم دێوە دەنەڕێنێ. بەتایبەتی لەبەردەم کیژۆڵەکاندا، گەر تەماشایەکی ئەو هات و هەرا و لەخۆدان و خۆ بریندارکردنە بکەین کە لە عاشورادا منداڵانیش لەگەڵ خۆیاندا پەلکێش دەکەن و بەنووکی شیر و بە قەمەی تیژەوە جەستەی ئەوانیش بریندار دەکەن، ئەمە زەبروزەنگێکە لەناو هیچ یەك لە نەتەوەکانی دنیادا وێنەی نییە. ئێمە لەبەردەم بارودۆخێکی مەرگەساتاوی و بێ نموونەداین، کە منداڵانی عێراق بەهەموو مانایەکی وشە لە ژێریدا دەناڵێنن، بەپێی زانیارییەکانی لەبەردەستدایە ١٨٪ منداڵانی عێراق تووشی نەخۆشی دەروونی بوون بەهۆی زەبروزەنگ و ترس و توندوتیژی دەوروبەرەوە. ٢٢٠٠٠٠ منداڵ بەسەر شەقامەکانەوە کار دەکەن و لە قوتابخانە دوورکەوتونەتەوە، ژمارەکەش بەرەو زیاتر دەچێت، ١٢٥٠٠٠٠ منداڵ باری تەندروستیان بە بەردەوامی ناجێگیرە و تووشی بەدخۆراکی و نەخۆشی قورس بوونەتەوە، پێنج ملیۆن منداڵی عێراقی هەتیو کەوتوون، کە ١٦٪ دانیشتووانی عێراق پێکدێنن، کەچی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی بە ڕووی سوورەوە دان بە بوونی ٤ملیۆن و نیو منداڵی هەتیو دادەنێ، لەناوعێراقدا تەنیا ٤٠٠ خانەی هەتیوان هەیە، لەناو ئەو خانانەشدا بودجەی کەم و بەڕێوەبەرایەتییەکی سەقەت و کادری ناشارەزا و خەڵکانێکی توندڕەو هەن، کە هەندێ لەمنداڵان لاقە کراون هەندێکیان لەحاڵەتێکی ناهەمواری تەندروستیدا دەژین، هەروەکو چۆن وێنەی منداڵانی هەتیو لەخانەی حەنان هەموو دنیای هەژاند، بە دەیان نووسەری جیهانی دەناسم کە لەسەر ئەم مەرگەساتەیان نووسیوە، ساڵانە ١٥٠ منداڵ لەلایەن خێزانەکانیانەوە دەفرۆشرێن، هەروەکو لە رۆژنامەی «گاردیان»ی بەریتانیدا هاتووە، نرخی هەریەك لەو منداڵانە لەنێوان ٢٠٠ تا ٤٠٠٠ جونەیی ئیسترلینی دایە، لە ڕۆژنامەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە هەندێکیان بازرگانی لەشی سپیان پێدەکرێت، بە کۆمپانیای تایبەت دەفرۆشرێن تا سێکسیان لەگەڵ بکرێت، هەروەها ئاماژەدراوە بە بوونی یەك ملیۆن منداڵ کە لە عێراقدا خراونەتە ژێر ئیشی قورسەوە، زۆربەشیان ڕۆژانە لە ٨ سەعات زیاتر کاردەکەن، زۆربەی زۆری ئەو منداڵانەش نیشتەجێی ناوچەکانی ناوەند و باشوور و خۆرئاوای عێراقن، بەتایبەتی بەغدا. تەنانەت لە ئارامترین ناوچەی عێراقدا کە کوردستانە هاوێنەی کامێرەکەم چەندین وێنەی منداڵانی کوردی تۆمار کردووە کە تەمەنیان لە ١٠ ساڵ تێناپەڕێت و کرێکارییان پێدەکرێت، یان لەناو کارگەی تەلی قاپ شووشتن هەموو دەست و پلیان بریندار بووە، یان جۆرەها ئیشی تر کە سامناکی هەیە بۆ سەر تەندروستیان، زۆربەی منداڵانی عێراق چ ئەوانەی لە زیندانەکاندان، یان ئەوانەی کە لە ئۆردوگاکاندان، دوورن لەسەرپەرشتی خێزانەکانیانەوە، یان کچ و کوڕانی ژنەتەڵاقدراوەکان ڕۆژانە دوچاری ئەم حاڵەتانەی خوارەوە دەبنەوە.

١- تووش بوونی منداڵان بە جۆرەها نەخۆشی پێست. بەهۆی ئەوەی کە لەناو جێگەی پیس و ژینگەی پیسدا شتومەك کۆدەکەنەوە.

٢- تووش بوونی منداڵان بە زەبری تیشکی خۆر و بەهۆی کارکردنیان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە دەرەوەی ماڵەوە. بەتایبەت ئەوانەی کە لە کێڵگە و ڕەز و باخەکاندا ئیش دەکەن.

٣- زۆربەی منداڵانی عێراق لە ڕوخساریانەوە دیارە کە لاواز بوون و ڕەنگیان پەڕیوە بەهۆی نارێکی لە خواردن و نارێکی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیان.

٤- تووشبوونی زۆربەی منداڵانی عێراق بە نەخۆشییە دەروونییەکان.

٥- تەشەنەکردنی تەعەدای سێکسی و لاقەکردن و بە لاڕێدابردنی منداڵان لە ڕووی ڕەوشتەوە.

٦- ئەم منداڵانەی کە باسیان دەکەین لەداهاتوودا باشترین زەمینەن بۆ ئەوەی گرووپی مافیایی و خەڵکانی تاوانباریان لێ دروست بکرێت.

٧- جۆرەها نەخۆشی کۆمەڵایەتی دووچاری ئەم منداڵانە بوونەتەوە کە لە داهاتوودا ڕقیان لە خێزان دەبێتەوە و هیچ ئینتمایەکیان بۆ نیشتمان و مەدەنییەت تێدا نابینرێتەوە.


٨- بە ئاسانی لەلایەن گرووپە تیرۆریستەکانەوە دەکرێنە نێچیرێکی لەبار بۆ کاری تیرۆریستی.

٩- لەلایەن هەندێك گرووپی تێکدەرەوە بەکاردەهێنرێن بۆ تێکدانی شەقام و شوێنە مەدەنییەکان و فریودانیان بۆ خستنەوەی ئاژاوەگێڕی دەستەجەمعی.

١٠- بۆ جۆرەها کارو مەبەست دەفرۆشرێن، لەوانە تاوانی ڕێکخراو و سێکسی و یان دەرهێنانی هەندێك لە ئەندامانی لەشیان بەتایبەتی گورچیلە کە بەپارەیەکی زۆر بفرۆشرێن.

١١- حکومەتی عێراق سیاسەتی جیاکاری بەکاردێنێت لەنێوان منداڵانی خێزانە دەوڵەمەندەکان و بەرپرسەکان و هەروەها منداڵانی توێژەکانی تری گەل، بەتایبەت لە بوارەکانی فێرکردن و تەندروستیدا. لەمبارەیەوە بڕوانن لە ڕاگەیاندنی بەرپرسانی یونسیف. ئەم ڕاستییانە بەشێوازێکی سلبی کاریکردۆتە سەر منداڵانی عێراق و داهاتوویان و پێوەندییەکانیان بەنیشتمان و کۆمەڵگەوە،

# شارەکان
# گۆڕەپانی یەکلاکەرەوەی جەنگەکەن



پ. د. ئازاد نەقشبەندی*

دەمێکەجەنگێك، کە نەجاری بۆ دراوە و نە بانگەوازی بۆکراوە، سەرتاپای گۆی زەوی گرتوەتەوە. ئەم جەنگە، کە لەم چەند دەساڵەی دوایدا بەشێوەیەکی دیار توندترو بەهێزتر بووە بریتیە لە جەنگی نێوان تێکدەرانی سیستێمی ژینگە لەلایەك و ژینگەو پارێزەرانی لە لایەکی ترەوە. جەنگەکە تا ئەمڕۆ، وەك لە دەرئەنجامەکانی دەردەکەوێت، بە شکستی ژینگە و پارێزەرانی کۆتایی هاتووە و گۆڕەپانە سەرەکیەکەی بریتییە لە شارە گەورەکان.

بەپێی خەمڵاندنەکانی (جۆن کلۆز Joan Clos)، بەڕێوەبەری ژینگە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمڕۆ دانیشتووانی شارەکان پتر لە (٥٠ ٪) ی دانیشتووانی گۆی زەوی پێکدێنن و ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠٣٠) دا بۆ (٥٩ ٪) بەرز دەبێتەوە. ژمارەی دانیشتووانی شارەکان، بە پێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵانە (٦٧) ملیۆن کەس زیاد دەکات کە ٩١ ٪ ی ئەم زیاد بوونە، واتە پتر لە (٦٠) ملیۆن کەس، لە دەوڵەتە پەرە پێسەندووەکانن.

لە شاری (ساوپاولۆ Sao Paulo) ی بەرازیل لە نێوان (٣١ مایس و ٣ ی حوزەیران) ی ئەم ساڵدا، سەرۆکی شارەوانیەکانی گەورەترین (٤٠) شاری جیهان، کە (٨ ٪) ی دانیشتووانی جیهان پێك دێنن و بەرپرسن لە (١٢ ٪) ی دەردانی (گازی خانووە شووشەییەکانی جیهان (global greenhouse gas emissions چوارەمین کۆبوونەوەی خۆیان بەست، کە هەر (٢) ساڵ جارێك دەبەسترێت، بە مەبەستی پاراستنی ژینگە و کەمکردنەوەی دەردانی گازە خانووە شووشەییەکان. یەکێك لە دەرئەنجامە سەرەکیەکانی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە:

«دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان، واتە شارەوانیەکان، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە جەنگی دژ بە گەرمبوونی گۆی زەوی و گۆڕانکاریە ئاووهەواییەکان و پاراستنی ژینگە و کەمکردنەوەی دەردانی گازی خانووە شووشەییەکان».

ئەم دەرئەنجامە لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە»شارەکان بەرپرسی یەکەم و سەرەکی تێکدانی سیستێمی ژینگە و ڕوودانی کێشە ژینگەیەکانن وەك لەم ئەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

١ – شارەکان بەرپرسی سەرەکی و یەکەمن لە دەردانی گازە خانووە شوشەییەکان. ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە دەکەن»شارەکان، کە (٪ ٢) ی ڕووبەری زەوی داگیر دەکەن بەرپرسن لە (٪ ٧٠) ی دەردانی گازە خانووە شوشەییەکانی جیهان.

٢- شارەکان بەهۆی ئەرکە سەرەکی و لاوەکیەکانیان و بەرزی چڕی دانیشتووانیان بەرپرسن لە ڕوودانی کێشەکانی»پیسبوون Pollution»، «پاشەڕۆکە ڕەقەکان Waste Solid»و کێشەی»ژاوەژاو»Noise.

٣ – شارەکان لە ئەنجامی فراوان بوونیان بەرپرسی سەرەکین لە گۆڕینی ڕوخساری ڕووی زەوی، (لاندسکێپ)، سروشتی بۆ گۆڕینی ڕوخساری ڕووی زەوی دەستکرد کە بە کێشەی «ئەنتروپاکین Antropacin»ناسراوە و ساڵانە دەبێتە مایەی لەدەست دانی هەزاران کیلومەتر دووجا لە دارستان و لەوەڕگا و زەوییە کشتوکاڵیەکان. ئامارەکان ئاماژە دەکەن کە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٩٠-٢٠٠٥)، (٧٠) ملیۆن هکتار، واتە (٧٠٠٠٠٠) کیلومەتر دووجا، لە دارستانەکان لەناوبراون، باڵەخانە و شەقام و گۆڕەپان.تاد، لە جێگەیان دروستکراوە.

پشتبەستن بەو ڕاستیانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا دەکرێت بە دڵنیاییەوە بڵێین:

«شارەکان و ئەرکەکانیان بەرپرسی سەرەکین لە تێکدانی سیستێمی ژینگە و ڕوودانی کێشە ژینگەییەکان لە جیهاندا وجەنگی دژ بە تێکدەرانی ژینگە لە شارەکانەوە دەست پێ دەکات و شارەکان گۆڕەپانی یەکلاکەرەوی جەنگەکەن».

بۆ ئەوەی جەنگی دژ بە تێکدەرانی ژینگە،

که شـــارەکان گۆڕەپانـــی یەکلاکەرەوەیەتی، بە بەرژەونـــدی ژینگـــە و پارێزەرانی کۆتایی بێت پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١ — کەمکردنـــەوەی دەردانی گازە خانەوە شووشـــەییەکان بـــە ڕێـــگای کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سوتەمەنیە بەبەردبووەکان Fossil Fuels، (خەڵـــوز، نەوت، گازی سروشـــتی). ئەمســـاڵ، لـــە لوتکـــەی (٤٠) چل شـــارە گەورەکەی جیهان، (١٢٠٠) حکومەتی لۆکاڵی ڕێکەوتـــن نامەیەکیـــان واژو کرد کـــە تایبەت بـــوو بۆ دانانـــی ســـتاندەرێکی نێودەوڵەتی بە مەبەســـتی کەمکردنەوەی دەردانی گازە خانەوە شووشەییەکان.

٢ — دامەزراندنی تۆڕێکی گواســـتنەوەی گشتی پێشکەوتوو و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی گواستنەوەی تایبەت، (ئۆتۆمۆبیل) بەتایبەتی، کە هۆکارێکی سەرەکی دەردانی گازە خانە شوشـــەییەکانە. شارەوانی شاری (ملبۆرن Melbourne) ی ئوســـترالی، بە مەبەســـتی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبیل تایبەت، بڕیاری داوە کە درەنگە شـــەوان تا کاتژمێر (٧) ی بەیانی بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی بێ بەرامبەر بێت. لە (سیئول Seoul) ی پایتەختی (کۆریـــای باشـــوور South Korea)، بە پێی بەرنامەیەکـــی داڕێژراو شـــۆ فێرەکان ڕۆژێك لە حەفتەیکدا ئۆتۆمۆبیلەکانیان بەکار ناهێنن و ئەو ڕۆژەیش لە سەر ئۆتۆمۆبێلەکان دیاریکراوە.

٣ — بەکارهێنانی سەرچاوەی وزەی دۆست بە ژینگە، (وزەی کارۆئاوی، وزەی خۆر، وزەی با.... تاد). (باراك ئۆباما) ی سەرۆکی ئەمریکا لەو وتارەی کە پێشکەشی ئەندامانی خولی (١١٢) ی کۆنگریســـی ئەمریکا کرد و تایبەت بوو بە پێداویستیەکانی »بردنەوەی ئایندە« ئاماژەی بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەی وزەی دۆست بە ژینگە کرد و وتی »دەبێت لە ســـاڵی (٢٠١٥) دا یەك ملیون ئۆتۆمبیلی کارەبایی لە سەر ڕێگاکانمان کاربکات و لە ســـاڵی (٢٠٣٥) دا، (٪ ٨٠) ی کارەبای ئەمریکا بە ڕێگای وزەی نوێ بەرهەم بهێنرێت«. (لەنـــدەن London) بە نیازە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا (١٠٠) هەزار ئۆتۆمبیل، کە بە وزەی کارەبا کار دەکەن، بخاتە سەر شەقامەکان، (تۆکیـــو Tokyo) یش بەرنامەی هەیە وزەی کارامـــە بەرز، (ئەو وزەیـــەی کە کەمتر ژینگە پیسدەکات)، بهێنێتەکایەوە بۆ شارە گەورەکان.

٤ — فراوانکردنی ڕووبەری پانتاییە سەوزەکان لە شـــارەکان و دەوروبەریان. داپینکردنی بەرگی ڕووەکـــی بە بڕ و جۆری گونجاو لە شـــارەکان و دەوروبەریان بە چارەســـەری ئەفسانەیی کێشە ژینگەیەکان دادەنرێت. (ســـیئول) بـــە نیازە تا ساڵی (٢٠٣٠). (١٠) هەزار باڵەخانە بگۆڕێت بۆ باڵەخانە سەوز.

٥ — دووبـــارە بەکارهێنانـــی پاشـــەڕۆکە ڕەقەکان کە بەشـــێکیان، تەنـــە ئۆرگانێزمەکان، بە ســـەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی گازی میسان Methane ($CH_4$) دادەنرێن، کە گازێکی ترســـناکی خانووە شوشەییەکانە و کاریگەریەتی (٢٠) جار زیاترە لە کاریگەریەتی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$) وەك گازێکی خانووە شوشـــەییەکان. شاری (ئۆســـتن Austin) ی ئەمریکـــی پلانی هەیە کە تا ســـاڵی (٢٠٤٠) هەموویاشەرۆکەکان دووبارە بەکاربهێنێتەوە.

٦ — دابینکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە کە بە مەبەســـتی پاراســـتنی ژینگە ئەنجام دەدرێن. لە کۆنگرەی لوتکەی (٤٠) چڵ گەورەترین شـــاری جیهان، سەرۆکی شارەوانی شاری (نیۆیۆرك) و سەرۆکی (٤٠) چل گەورەترین شارەکەی جیهان (Michael Bloomberg) و سەرۆکی (گرووپی بانکی جیهان World Bank Group) (Robert Zoellick)، ڕێکەوتنامەیەکان واژۆ کـــرد کە تایبەت بوو بە یارمەتیدانی شارەوانیەکانی (٤٠) چل گەورەترین شارەکە بە بڕی (١٥) ملیار دۆلار و دابینکردنی قەرزی ماوە درێژ بۆیان بە بڕی (٥) ملیار دۆلار بـــۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنـــی ئەو پرۆژانەی کـــە پێوەندیان هەیە بە کەمکردنـــەوەی دەردانی گازە خانـــوە شوشـــەییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاریـــە ئاووهەواییـــەکان. (بیـــل کلنتون Bill Clinton)، ســـەرۆکی پێشـــووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـــکا (١٩٩٣-٢٠٠١)، کە ئامادەی کۆنگرەکە بوو لە وتارەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەم ڕێکەوتنامە کرد وتی: «دابینکردنی دارایی پێویســـت لەلایەن بانکی جیهانییەوە بۆ ئەم جۆرە پرۆژانە ئەو چانسەمان دەداتی کارێکی مێژوویی ئەنجام بدەین».

لە کۆتایی ئەم وتارەدا و لەم گەرمای وەرزی هاویندا دەپرسین:

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە بیر لە چارەسەری گونجـــاو و بنەڕەتی بۆ کێشـــە ژینگەیەکانی شـــارەکانمان بکەینەوە بۆ ئەم مەبەستە سوود لە ئەزموونی شارەکانی جیهان وەربگرین ؟

*** ئەندامی کۆمەڵەی**
**نێودەوڵەتی ئاووهەوای شار(IAUC)**

**جەنگی دژ بە تێکدەرانی ژینگە لە شارەکانەوە دەست پێ دەکات و شارەکان گۆڕەپانی یەکلاکەرەوەی جەنگەکەن**

**لە (سیئول)ی پایتەختی (کۆریای باشوور)، بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراو شۆفێرەکان ڕۆژێك لە حەفتەیکدا ئۆتۆمۆبیلەکانیان بەکار ناهێنن**


# گوێر.. ناوچە دابڕاوەکان نییەو پێویــــ

گوێر بەدووری ٣٨ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشـــوری رۆژئـــاوای هەولێرەوەو لەدیوی موسڵیشـــەوە بەدووری ٤٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی ئەو شـــارەوە، ئەم شـــارۆچکەیە مێژوویەکـــی کۆنی هەیەو بۆ ســـەردەمی عوسمانیەکان لەســـاڵی ١٩٠٠ دەگەڕێتەوە، لەساڵی ١٩٤٠ بۆتە ناحیەو سەر بەقەزای مەخموورەو ٥١ گوند لەخۆ دەگرێت، کە دانیشـــتووانی ٣١ گوندی کوردەو ١٤ گوندی عەرەبن و ٦ گوندیشـــی لەکوردو عەرەب پێکهاتووە. لەناو ســـەنتەری گوێردا زیاتر لە ٨ هەزار کەس دەژیـــن. رووبەری ناحیەی گوێر بەگشـــتی ٢٠٣٤٢٢ دۆنمەو بەناوچەیەکی کشتوکاڵی دادەنرێت و زێی گەورە بەتەنیشـــت سەنتەری ناحیەکەدا دەڕوات، بەمەش لەرووی خاك و ئاوو هەواوە ژینگەیەکی لەبار پێك دەهێنێت بۆ گەشـــەکردنی هەردوو کەرتی کشـــتوکاڵ و گەشـــتوگوزاریی. سیاســـەتە عەســـکەرتارییەکەی رژێمی بەعس وایکرد ئـــەم ناوچەیە ژێرخانەکـــەی دارِما، ئەم واقیعە لەســـاڵی ١٩٩١ خراپتر بوو کاتێك قەزای مەخموورو ســـەرجەم ناحیەو گوندەکانی بەگوێریشـــەوە بەغەدر لەپارێزگای هەولێر جیاکرایەوەو خرایە ســـەر ئیدارەی شاری موسڵ، بەمەش تا دەهات ئاســـتی خزمەتگوزاری و پـــرۆژەکان لەم ناحیە بۆ دواوە گەڕایەوەو زۆر لەگوندەکانی خاپوورکران و خەڵکەکەشی راگوازرانەوەو زۆریشیان بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە کۆچیان بەرەو شاروشارۆچکەکانی تری کوردستان کرد، ژمارەیەك لە گوندەکانی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئاوەدان نەکراونەتەوە، بەدرێژایی ئەو ســـاڵانەش تاکو ئێستاش گوێر لەسەر ئیدارەی موسڵ مایەوەو نەخرایەوە سەر ئیدارەی هەولێر، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن خودی پارێزگاری هەولێرەوە لەبودجەی پەرەپێدان کارو پـــرۆژەی خزمەتگوزاری بۆئەنجامدراوە، بەڵام بەپێی پێویســـت نی یە، لەمبارەیەوە خەڵکەکەی گلەیی و گازندەیەکی زۆریان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەو پێیان وایە لەلایەن کوردستانەوە ناحیەکەیان بەپەراوێزخراوە، هەرکەسێك سەردانی ئەم ناحیە بکات ئەو راستیەی بۆ دەردەکەوێت کە گوێر بەپێی پێویســـتی کارو پرۆژەی بۆ نەکراوەو پێویستی بەئاوڕلێدانـــەوە هەیە، ئەم ناحیەیە جگە لەنەبوونی کارەباو کێشـــەی بێئاوی گرفتی ئاوەڕۆشـــیان هەیە، ئاوەڕۆی هەولێر لەشـــوێنێکەوە دەرژێتە ناو زێی گەورە کە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی گوێری لێ نزیکە. لەسەردانێکی تیمی (گۆڤاری گوڵان) بۆ گوێر ئەو کەموکوڕی و گلەیی خەڵکمان ئاراســـتەی (سیروان رۆژبەیانی) بەڕێوەبەری ناحیەی گوێر کرد.



# ...ستی بەخزمەتگوزاری و ئاوڕلێدانەوە هەیە

* ئاوەڕۆی هەولێر لەشـوێنێکەوە دەڕژێتە ناو زێی گەورە کە نزیکە لەپڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی گوێر.
* بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە گوندنشینەکان کۆچیان دەست پێکردۆتەوە
* ٦-٨ کاتژمێر کارەبای حکومی هەیە
* تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە کۆنە
* وەزارەتی کشتوکاڵ جۆگەیەکی ئاودێری ئەنجام نەداوە
* نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی نییەو گرفتی کەمی دەرمانیش هەیە
* دەستەی وەبەرهێنان هیچ پڕۆژەیەکی ئەنجام نەداوە



# حکومەتی هەرێم بەجددی کاری بکردایە دەیتوانی گوێر و قەزای مەخموور بگەڕێنێتەوە سەر کوردستان

### کوردەکان بەرەو هەولێر دێنەوە

لەگوێر ژمارەیەك گوندی کوردنشین هەیە بەپێی پێویست ئاوەدان نەکراونەتەوە، تەنانەت بەپێی ئەو ژمارە کەمەی دانیشتوان بێت کە لەسنووری گوێرو سەنتەرەکە نیشتەجێیە ئەوە دەسەلمێنێت کە ژمارەی ئەو کوردانەی گەڕاونەتەوە ئەو ناحیەیە بەپێی پێویست نییە، سەبارەت بەوەی بۆچی کوردەکان بەپێچەوانەوە کۆچ دەکەنەوە بەرەو هەولێرو ناوچەکانی تری ژێر دەسەلاتی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەری ناحیەی گوێر وتی: کاتێك لە ساڵی ١٩٨٦ ەوە دەستکرا بە ڕاگواستن و تەرحیل کردنی دانیشتووانی گوێر و هێنان و نیشتەجێکردنی عەرەبە هاوردەکان، لەو پرۆسە سەربازییەدا سەرجەم گوندەکانی گوێر وێران و خاپوور کران، کاتێکیش لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە عێراق لەدەست ڕژێمی بەعس ئازاد کرا و کوردەکان بەئومێدێکی زۆرەوە ڕوویان کردەوە زێدی باوو باپیرانیان، بەڵام مانەوەی عەرەبە هاوردەکان گرفتێکی گەورە بوو لەبەردەم گەڕانەوەی کوردەکان بۆ سەر ماڵ و زەوییەکانیان، کاتێکیش حکومەتی هەرێم بەتەواوەتی ئەم ناوچەیەی فەرامۆشکرد و پرۆژەو کاری خزمەتگوزاری تێدا ئەنجام نەدراو جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەم ناوچانەو ناوچەکانی تری ژێر دەسەلاتی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دروستبوو، هەر بۆیە بەپێچەوانەوە دووبارە کوردەکان بەرەو هەولێرو ناوچەکانی تری کوردستان کۆچیان دەست پێکردەوە، هۆکارێکی تری ئەم کۆچکردنە بۆ ئەو حاڵەتە دەگەڕێتەوە کە دانیشتووانی گوێر بەتایبەتی ئەوانەی سەرقاڵی پیشەی کشتوکاڵین و پێشینەی کشتوکاڵی نایانگرێتەوە، چونکە بەپێی

**پێویستە**
**حکومەتی هەرێمی**
**کوردستان تۆڕی کارەبای**
**گوێر بە تۆڕی کارەبای**
**کوردستانەوە ببەستێتەوە**

ماددەی ١٤٠ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و کۆمپانیاو وەبەرهێنەرەکان ئامادە نین وەبەرهێنان لەم ناوچانەدا ئەنجام بدەن تاوەکو خەڵکەکە کاریان دەست بکەوێت. ئەگەر حکومەتی هەرێم بەجددی کاری بکردایەو ئەوا نەك گوێر بەڵکو دەیتوانی هەر هەموو قەزای مەخموور بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمە کارێکی زۆر زەحمەت نییە، چونکە گوێرو مەخموور وەکو شنگارو تاوچە دابڕاوەکانی تر نییە و پێویست بەوە ناکات تا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێت و سنووری هەرێمی کوردستان دیاریبکرێت ئەو کات قەزای مەخموور بگەڕێتەوە، مەخمور هەر هەموو قەزاکە تا ساڵی ١٩٩١ سەر بە پارێزگای هەولێر بووە و لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەبڕیارێکی هەڵەو غەدر قەزاو ناحیەکانی خرایە سەر پارێزگای موسڵ .

### ئیدارەی موسڵ
### پرۆژەو کاری خزمەتگوزاری ئەنجام نادات

سەبارەت بەوەی ئیدارەی موسڵ ئەم ناوچەیەی فەرامۆشکردووەو زۆر بەکەمی پرۆژەو کاری خزمەتگوزاری تێدا ئەنجام دەدات؛ بەڕێوەبەری ناحیەی گوێر وتی: ئیدارەی موسڵ زۆر بەکەمی ئاوڕ لەم ناوچەیە داوەتەوە، لەلایەکی ترەوە بوونی دوو ئیدارەیی لەنێوان ئیدارەی موسڵ و هەولێر بارودۆخی ئێمەی زۆر بێسەروبەر کردووەو نازانین لەگەڵ چی ئیدارەو بەچی ڕێنماییەك کاروباری خەڵك جێبەجێ بکەین، ئەمەش سیاسەتێکی هەڵەیەو دەرهەق بەدانیشتوانی ناوچەیەك دەکرێت کە بەحەقیقەت لەسەرجەم خزمەتگوزارییەکان بێبەشن و لەبنەڕەتدا سەر بە پارێزگای هەولێرن. ئەم واقیعە وای لە بیزنسکارو ئیدارەی حکومەتی هەرێم و پارێزگای موسڵ و وەبەرهێنەرەکان کردووە بەزەحمەت رووبکەنە ناوچەکەمان و پرۆژەی ستراتیژی و ئاوەدانکردنەوە لەدەڤەرەکە ئەنجام بدەن تاوەکو خەڵکەکە بەئەنجامدانی ئەو پرۆژەو وەبەرهێنانانە دڵیان پێ خۆش بێت و ژیانی رۆژانەیان مسۆگەر بێت.

### ٦-٨ کاتژمێر کارەبا هەیە

نەبوونی خزمەتگوزاری بەتایبەتی هەردوو خزمەتگوزاری سەرەکی ئاوو کارەبا بەیەکێك لەو هۆکارانە دادەنرێت کە بۆتە هۆی کۆچپێکردنی کوردەکان لەناوچەکە سەبارەت بەم دوو خزمەتگوزارییە بەڕێوەبەری ناحیە وتی: کارەبای گوێر سەر بەموسڵەو لە رۆژێکدا نزیکەی ٦-٨ کاتژمێر کارەبای حکومی هەیە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بڕە کەمەی کارەبا هەوڵمانداوە لە ڕێگای موەلیدەی ئەهلیەوە قەرەبووی ئەو بێ کارەبابیە بکەین، هەر بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆڕی کارەبای گوێر بە

**دەبوو ئەم قەبانەی بۆ لۆرییە**
**بارهەڵگرەکان دانراوە**
**لەلای راستی ڕێگاکە**
**دانرایە و نزیك**
**ناحیەی گوێر بووایە**



تۆڕی کارەبای کوردستانەوە ببەستێتەوە، تاوەکو هاووڵاتیانی گوێڕیش بەهاوشێوەی هاووڵاتیانی کوردستان بێبەش نەبن لەو بڕە ماوەیەی کارەبایەی لە کوردستان هەیە، چونکە ئەو بڕە کارەبایەی ئێستاکە لەموسڵەوە بۆمانی رەوانە دەکەن زۆر کەمەو رووبەرووی گلەیی و رەخنەیەکی زۆر بووینەتەوە، بەڵام ئێستا لە تۆڕی کارەبای هەولێر تاوەکو گوندی تەرجان هاتووە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا تۆڕی کارەبای نیشتمانی کوردستان بگاتە گوێڕو گوندەکانی . لەلایەکی ترەوە ئامێری کارەبایی بەتایبەتی ئۆتۆمبێلی سەلەی کارەبامان نییەو لەکاتی کەوتنەوەی هەر گرفتێکی کارەبا بە پەیژە گرفتەکە چارەسەر دەکەین.

### تۆڕی ئاوی خواردنەوەکەی کۆنە

ئاو لە ریزبەندی پێشەوەی پێداویستیەکانی هاووڵاتیان دادەنرێت، بەڵام کەمئاوی و خراپی تۆڕی دابەشکردنی ئاو لەناوخۆی ناحیەکە بەرادەیەك وای لەزۆر هاووڵاتیان کردووە لە رێگای سۆندەو بۆڕیەوە راستەوخۆ ئاو لە زێ یەکە رابکێشن، لەلایەکی ترەوە کەمی ئەم خزمەتگوزارییە لە گوندەکان وایکردووە ژمارەیەك گوندنشین دووبارە بەرەو شارەکان کۆچ بکەنەوە، بەرێوەبەری ناحیەی گوێڕ وتی: کاتێك پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی گوێڕ جێبەجێ کرا بەپێی دانیشتوان و پێداویستی ئەو کاتی هاووڵاتیان بوو، بەڵام ئێستاکە ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە زیادبووەو خەڵك ئاستی پێداویستیەکانیان بۆ ئاو بەرزبۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەچەندین شێوە ئاو بەفیڕۆ دەڕوات، ئێمە لە گوێڕ کێشەیەکی تریشمان هەیە ئەویش ئەوەیە ماڵەکان تانکی ئاو و بەلوعەیان نییە، بەمەش هاووڵاتیان ناتوانن

**گوێرو مەخموور وەکو شنگارو ناوچە دابڕاوەکانی تر نییە، مەخمور هەر هەموو قەزاکە تا ساڵی ١٩٩١ سەر بە پارێزگای هەولێر بووە**

ئاو گل بدەنەوەو ئاوێکی زۆریش بەفیڕۆ دەدەن، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی کەم ئاوییە، هەروەها تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەی ناو گەڕەك و سەنتەری ناحیەکە زۆر کۆنە و زۆرجاریش لەهەندێك شوێن دەشکێت و بەم هۆیەشەوە دووبارە گرفتی کەمئاوی رووبەرووی خەڵکەکە دەبێتەوە. بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتە بڕیارە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا بەدرێژایی ٤ کیلۆمەترو بە بۆری ١٢ ئینج لە پرۆژەی ئاوەکەمانەوە ئاو رابکێشین بۆ ناو سەنتەری ناحیەکە، بەمەش تارادەیەك باش گرفتی کەمئاوی نامێنێت.

### ئاو بەزێدەڕۆیی راکێشراوە

ئاوەڕۆی هەولێر لەنزیك پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی گوێڕ دەرژێتەوە سەر زێی گەورەو رەنگە گرفتی تەندروستی لێبکەوێتەوە، بەتایبەتی بۆ ئەو ماڵانەی راستەوخۆ لەسەر زێ ئاویان راکێشاوە، لەم بارەیەوە بەرێوەبەری ناحیەی گوێڕ وتی: راستە ئاوەڕۆی هەولێر دەرژێتە ناو زێی گەورەو ئاوی خواردنەوەی ناحیەکەشمان لەسەر زێ کەیە، بەڵام ئێمە چارەسەری ئەم گرفتەمان کردووە، بەوەی کاتێك ئاو رادەکێشین بۆ پرۆژەکەو لەوێشەوە دەینێرینە ناو سەنتەری ناحیە، ئەم کارە بەقۆناغەکانی پاڵاوتن و خاوێنکردنەوە دەچێت و دواتر پشکنینی بۆ دەکرێت و دڵنیا دەبین لە پاکی ئاوەکە پاشان بەسەر هاووڵاتیان دابەش دەکرێت، لەلایەکی تر ئەو ماڵانەی بۆ خۆیان لە زێی گەورە ئاویان راکێشاوە بۆ مەبەستی خواردنەوە نییە بەڵکو بۆ جلوبەرگ شتن و باخچە ئاودانە، لەگەڵ ئەمەش دا ئەم حاڵەتانە زێدەڕۆییەو لیژنەمان داناوە بۆ بەدواداچوون و لەپێناو تەندروستی گشتی رێگا نادەین دوور لە رێنمایی تەندروستی و زانستی ئاو رابکێشرێتە ناو ناحیەکە، چونکە ئەو ئاوە بێ پاککردنەوە بۆ هیچ شتێك ناشێت.

### دانانی قەپانێك چەندین رووداوی لێکەوتۆتەوە

سەبارەت بە کۆنی شەقام و رێگاوبانەکان بەتایبەتی رێگای نێوان هەولێر- گوێڕ کە بۆچی تا ئێستا نەکراوەتە جووت- ساید بەرێوەبەری ناحیەکە وتی: لەماوەکانی پێشوو لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا رێگای سەرەکی هەولێر- گوێڕ نۆژەنکرایەوە، بەڵام بەهۆی لۆری و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر قورسایی و قەڵەباڵغیەکی زۆر لەسەر ئەم رێگایە هەیە، هەر بۆیە لەبەرنامەدایە بکرێتە جووت ساید، کێشەیەکی تری ئەم رێگایە ئەوەیە لۆریەکی زۆری بارهەڵگر بەسەری تێپەڕ دەبێت بەتایبەتی لەلای گوێڕەوە بۆ هەولێر، کە ئەمە دەبێتە هۆی

**گلەییمان لە وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم هەیە کە یەك جۆگەی ئاودێریشی بۆ ئەنجام نەداوین، لەکاتێکدا گەورەترین زێ بەسنوورەکەدا دەڕوات**

تێکچوونی ڕێگاوبانەکە گەرچی قەبان لە سـایدەکەی تر لەنزیك هەولێر دانراوە، بەڵام دەبـوو ئەم قەبانەی بۆ لۆرییە بارهەڵگرەکان دانراوە لەلای راسـتی ڕێگاکـە دانرایە و نزیك ناحیەی گوێـر بووایە، چونکە کاتێك لۆرییـەکان روو لەقەبانەکە دەکەن پێویسـتە بچنە سـایدەکەی تر و لەئەنجامی ئەمەش دا چەندیـن ڕووداوی دڵتەزێـن روو دەدات، هەربۆیە پێویستە چارەسەرێکی بەپەلەی ئەو قەپانە بکرێت و بگوازرێتەوە دیوی راسـتی ڕێگاکەو لەنزیك گوێر دانرێت.

## کۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵ و خاشاك

**پێویستە کارگەیەکی ریسایکلین بۆ هەموو سنووری قەزای مەخموور دانرێت تاوەکو بەشێوەیەکی تەندروست لە زبڵ و خاشاك رزگارمان بێت**

سەبارەت بەکۆکردنەوەو خۆ رزگارکردن لە زبڵو خاشاك بەڕێوەبەری ناحیەی گوێر وتی : بەبەردەوامی کاری پاککردنەوەی ناحیەکە لە زبڵ و خاشاك دەکرێت، هاوکات حاویەی زبڵمان بەسەر هاووڵاتیان دابەشکردووە، بەڵام زۆربـەی هاووڵاتیان بـەکاری ناهێنن زۆر بەخراپی زبڵ و خاشاکەکە لەبەردەرگا دادەنێن و فڕێی دەدەنە ناو گۆڕەپانەکان و شـوێنی بەتـاڵ، گەرچی لەناو سـەنتەری ناحیەو گەڕەکەکانیش حاویـەی گەورەمان داناوە، بەڵام ئەمـەش مامەڵەیەکی تەندروسـتی لەگەڵ ناکرێت و لەدەوروبەری حاویەکە زبڵ فڕێ دەدرێت، هەر شارەوانی زبڵ و خاشاکەکە دەگوازێتەوە بۆ شـوێنێکی دیاریکراو لەدەرەوەی ناحیەو فڕێی دەدات، فڕێدانی ئەم زبڵ و خاشـاکە لە دەرەوەی شـار بەمشێوەیە زۆر تەندروست نییەو پێویسـتە کارگەیەکی ریسایکلین بۆ هەموو سـنووری قەزای مەخموور دانرێت تاوەکو بەشـێوەیەکی تەندروسـت لە زبڵ و خاشاك رزگارمان بێت.

## گوێر پزیشکی ئافرەتی نییە

لەبـارەی گرفتی میلاکات و پزیشـکی پسـپۆرو نەبوونی نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی بەڕێوەبـەری ناحیەی گوێر وتی : ناحیەکە بنکەیەکی تەندروستی هەیە، بەڵام گرفتی نەبوونی پزیشکی پسـپۆرو ئافرەتمان هەیە، ئەمە جگە لەبوونی گرفتی دەرمان، چونکە حکومەتی ناوەندی مانگانە بەچەند جارێك دەرمان بۆ بنکەی تەندروسـتیەکە دەنێرێت هەربۆیە هەندێك جار گرفتی کەم دەرمانی روو دەدات.

## گرفتی نەبوونی مامۆستای وانە زانستیەکان هەیە

سـەبارەت بەبواری پەروەردەو بوونی سێ دەوامی و دوو دەوامـی بەڕێوەبەری ناحیە وتـی: بەهـۆی زۆری قوتابـی و کەمی بینایە گرفتی قەرەباڵغـی لەناو پۆلەکانی خوێندن هەبووەو گرفتی دوو دەوامی و سێ دەوامیمان هەبوو، بەڵام ماوەیەکە چەند قوتابخانەیەکمان بۆ دروست کراوە ئەو کێشەیەی کە متـر کردۆتەوە بڕیاریشە قوتابخانەی تـر بکرێتەوە ئەو کات گرفتی سـێ دەوامی و دوو دەوامیمان بەتەواوەتی نامێنێت، لەلایەکی تـرەوە گرفتی نەبوونی مامۆستای پسپۆری وانە زانستیەکانمان.

## وەزارەتی کشتوکاڵ جۆگەیەکی ئاودێری بۆ نەکردووین

هەروەکو پێشـتر ئاماژەمان پێدا ناحیەی گوێر سنوورێکی کشتوکاڵی یە بەڵام نەبوونی هاوکاری ئەنجام نەدانی پرۆژەی کشتوکاڵی ڕێگر بووە لەبـەردەم بوژانەوەی ئەم کەرتە، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەی گوێر وتی: حکومەتی هەرێمی کوردسـتان هەندێك جار کاری بۆ ئەم سـنوورە کردووە، بەڵام بەپێی وێرانبوونی سنوورەکەمان و پێداویستیەکانی نییە، هەندێك پەین و خانووی بلاسـتیکی و ئامێری ئاوڕشتن دراوە بەجوتیاران، پێویستە زیاتـر پاڵپشـتی و هـاوکاری جوتیارانی ئەم سـنوورە لەلایەن حکومەتـی هەرێمی کوردسـتانەوە بکرێت، چونکە ناوچەیەکی کشتوکاڵیەو نزیکە لەسـەنتەری هەولێرەوەو دەتوانێت سـەوزەو میوەو خۆراکێکی زۆر بۆ ئەو شارە دابین بکات. هاوکات کارگەکانی قوم و چەو لەناوچەکە گرفتێکی ترە بۆ زەوی کشتوکاڵی چونکە رووبەرێکی زۆری زەوی کشـتوکاڵی لەناوبردووە، کاتی ئەوە هاتووە سنوورێك بۆ ئەم کارگانە دابنێت. لێرەدا داوا



لەوەزارەتی کشـتوکاڵ دەکەین زیاتر گرنگی بەپرۆژەکانی ئاودێری بـدات، گلەییمان لە وەزارەتی کشـتوکاڵی هەرێـم هەیە کە یەك جۆگەی ئاودێریشی بۆ سـنوورەکە ئەنجام نەداوە، لەکاتێکدا زێی گەورە بەسنوورەکەدا دەڕوات.

**دەستەی وەبەرهێنان هیچ پرۆژەیەکی بۆ ئەنجام نەداوین**

بارودۆخـی ناوچەکـە واقیعێکی وای خوڵقانـدووە کـە کەرتـی تایبەتیـش لەم ناوچەیـە پـرۆژەو کاری وەبەرهێنانی کەم بێـت بەڕێوەبەری ناحیەی گوێر سـەبارەت بەهـۆکاری نەبوونی پـرۆژەی وەبەرهێنان وتـی: وەبەرهێن تا ئیمتیازات و پاڵپشـتی نەدرێتێ لەم سـنوورە پـرۆژەی کەم دەبێت، دەسـتەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان هیچ پرۆژەیەکی لەسـنووری ناحیەی گوێر نییـەو ئەنجامی نـەداوە لەکاتێکـدا ئێمە پێویستیمان بە پرۆژەی نیشتەجێبوون هەیەو ناوچەیەکی گەشـتوگوزارین و لە هەولێرەوە نزیکین، کۆمپانیا بیانییەکانیش کە دێنە ئێرەو هەر کە دەزانن سـەر بە پارێزگای موسڵین راستەوخۆ پاشەکشە دەکەن و کارەکان ئەنجام نادەن، هەر بۆ نموونە کۆمپانیایەکی دوبەی هاتە ناوچەکەو گفتوگۆی لەگەڵمان کرد بۆ ئەنجامدانی ناوچەیەکی گەشتیاری لەسەر زێی گەورە هەر کە زانی سـەر بەئیدارەی موسـڵین رۆیشتن و تا ئێسـتاش وەڵامیان نییـە. لەلایەکی ترەوە چەندین شـوێنەوار لەسـنوورەکەمان هەیەو پشـتگوێ خراون و هیچیان بۆ نەکراوە.

**حاڵەتەکانی خنکاندن لەسەر زێی گەورە هەیە**

لەبەر ئەوەی سەنتەری ناحیەکە کەوتۆتە سەر زێی گەورە بۆیە زۆربەی جار حاڵەتی خنکاندن روودەدات، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەکە وتی: حاڵەتی خنکاندن لەسەر زێی گەورە هەیە، هۆکارەکەشـی بۆ ئەو شوێنی غەسالەو کارگانە دەگەڕێتەوە کە لەسەر زێ یەکە کار دەکەن، پێویسـتە چارەسەر بکرێن و ئیجرائاتیـان لەگەڵ بکرێت و رێنماییەکان جێبەجـێ بکـەن، بۆ نەهێشـتنی حاڵەتی خنکاندن تەنیا توانیومانە نیشانە لەو شوێنانە دابنێیـن کە کارگەو غەسـالەی تێدا بووە، بڕوا بکەن کارگەکانی غەسـالە بەشێوەیەك رووبارەکەیان تێکداوە کاریگەری بۆ سەر ئەو پردە گەورەیـەش هەبوو کە لە ناحیەکەماندا هەیەو دووچاری دارمانی دەکات .

**ماستەر پلان نییە**

سـەبارەت بەماسـتەرپلان و گەورەبوونی شـارۆچکەکە بەڕێوەبـەری ناحیەی گوێر وتی : ئێمـە ماسـتەرپلانمان نییە، بەڵام نەخشـەیەکی بنەڕەتـی رێکوپێـك بـۆ شـارۆچکەکە بەئـاگاداری لایەنە پەیوەندارەکان دانراوەو لەسـەر ئەم نەخشـە بنەڕەتیـەش توانیومانە ژمارەیـەك زەوی بکوژێنینـەوە، هەر بەپێی ئەم نەخشە بنەڕەتیەش توانیومانە گەورە بوونی شـارەکە ئەنجام بدەین.

**دەسەڵاتی ئیداریمان کارا نییە**

بەڕێوەبـەری ناحیەی گوێر سـەبارەت بەدەسـەڵاتی ئیـداری و دارایـی وتی: بەبڕیارێـك دەسـەڵاتی ئیـداری دابەزیبە خـوارەوە، بەڵام ناتوانرێت کاری پێ بکرێت، چونکە بوونی دەسـەڵاتی ئیداری پێویستی بەدەسـەڵاتی دارایی و یەکـەی ژمێریاری هەیـە، بەڕێوەچوونـی کارەکانمان رۆتین و بیرۆکراتیەتی زۆری دەوێت، کێشـەی ئێمە زۆر ئاڵۆزترە لە ناحیەو قەزاکانی تری سەر بەپارێزگای هەولێـر، چونکە ئێمە ناتوانین فشـار بۆ سـەر پارێزگای هەولێر بکەین و داوای بودجـەو بـڕی پـارە بکەین بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان لەبەرئەوەی بودجەی هەموو قەزای مەخموور بەناحیەکانیشـیەوە سەر بە پارێزگای موسڵە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر جـار پارێزگای هەولێـر بودجەمان بۆ تەرخان دەکات و دەیـدات بە کارو پرۆژە لە سنوورەکەماندا. بەگشتی هاووڵاتیانی گوێر و دانیشـتووانی سـنوورەکەمان داوا دەکەن بەزووترین کات لە رووی ئیداری و داراییەوە بگەڕێنەوە سەر سـنووری هەولێر، چونکە ئەو کارو پرۆژانەی بۆ گوێر دەکرێت لەلایەن موسـڵەوە زۆر زۆر کەمەو وەکـو ئەوە وایە هیچیان بۆ نەکردبێین.

**راستە ئاوەڕۆی هەولێر دەرژێتە ناو زێی گەورەو ئاوی خواردنەوەی ناحیەکەشمان لەسەر زێیەکەیە. بەڵام ئێمە چارەسەری ئەم گرفتەمان کردووە**

